# ڕۆژنامەگەری چاپکراو و ئەلیکترۆنی کوردی سەرهەڵدان و ململانێ

(توێژینەوەیەکی مێژووییە)

م.د. محمد خدر مولوود

زانکۆی جیهان- هەولێر بەشی راگەیاندن
Mob: 07504467373
Email:Muhammad.khidher@cihanuniversity-edu.iq

**پێشەکی :**

ڕۆژنامەگەری کوردی چۆن و کەی سەریهەڵدا؟ ئەوەیان ئەوپرسیارەیەکە وەڵامی سەرهەڵدانی یەکەمین رۆژنامەی چاپکراوی کوردی کە ڕۆژنامەی (کوردستان) ە دەداتەوە. ئەو ڕۆژنامە یە لە مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردیدا کەبە یەکەمین ڕۆژنامە دانراوە، لەم توێژینەوەیەدا بەم جۆرە باسی لێوەکراوە کە ڕۆژنامەیەکە لەدەوەرەی دەسەڵاتی عوسمانی، لە تاراوگەو دوور لەزێدی خۆی لە قاهیرە ساڵی 1898 بە چاپی غەیرە کوردی لەدایك بووە. پاشان لەترسی داخستن و بۆ دوور کەوتنەوە لەسانسۆری دەوڵەت لە چەندین شاری دیکە لەلایەن بنەماڵە بەدرخانییەکانەوە درێژە بەدەرچوونی دەدرێت تا ئەو 31 ژمارەیەی لەبەردەست دایە بەکەمووکوڕی چەند ژمارەیەکیش، سەرنج دەدەین لەڕووی تەکنەلۆژیای چاپەوە، کەئامێری چاپ دەگەینێت ئەم لایەنەی تێدا نابینرێ. تا ساڵی 1916 و 1918 کاتی هاتنی هەردوو چاپخانەی حوسێن حوزنی موکریانی و مێجەسۆن بۆ کوردستانی باشوور سەرەتای تەکنەلۆژیای چاپی کوردی سەرهەڵدەدات، روون و بەرچاوتریش ئەم تەکنەلۆژیایە لای چاپخانەی زاری کرمانجی لە رواندز- هەولێر نەشونماو سەرهەڵدان و پێشکەوتنێکی داهێنەرانە بەخۆوە دەبینێ .

ئەوەیان بەم مانایەدێ هەرچی رۆژنامەو گۆڤارێ لەوانەش هەرسێ قۆناغی رۆژنامەی کوردستان لە ساڵانی 1898 – 1908- 1918 و تەواوی گۆڤارەکانی ئەستەمبوڵ و بەغداو سلێمانی بە (بانگ کورد، کوردتعاون ترقی غەزەتەسی ، رۆژکورد- هەتاوی کورد، تێگەیشتنی راستی، پێشکەوتن) لە لایەنی تەکنەلۆژیای چاپەوە - ئامێری چاپ و چاپخانە بە مانا کوردییەکەی لێی بێبەشن، تەنانەت چاپخانەکەی مێجەسۆنیش ئاستی ئەو چەمکە (تەکنەلۆژیای چاپ) بەقەد چاپخانەکەی زاری کرمانجی پێڕەوانابینرێ .

لە دەیەی یەکەمی سەدەی پێشوو تا سەرهەڵدانی ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی و هەردوو ڕۆژنامەی (کوردستان نێت) و (کلاوڕۆژنە) لەساڵانی 1999-2002 چەمك و مانای تازەی وەك تەکنەلۆژیای ئەلیکترۆنی و چاپی کاغەزی دێنە نێو مێژووی توێژینەوەو لێکۆڵینەوە لە رۆژنامەگەری کوردیدا.

بۆیە ئەم توێژینەوەیە کەلەم سێ بەشە پێکدێت:

بەشی یەکەم: چوارچێوەی توێژینەوەیە

بەشی دووەم: چەمك و سەرهەڵدان

بەشی سێیەم: لایەنی مەیدانی

لە کۆتایی توێینەوەکە بە کۆمەڵێك ئەنجام دەرئەنجام گەیشتووە کە ڕۆژنامەگەریی کوردی لە قوناغی سەرهەڵدانی ڕۆژنامەی چاپیدا بەهەر جۆرێ بووبێ ئامێری چاپی بۆ ئەو مەبەستە بووە تا بەردەوام بێ ئەگەر بەشێوەی سەرەتایش بوو بێ، بەڵام بەهۆی شۆرشی تەکنەلۆژیای تازەی سەردەمی دیجیتەڵی و جیهانگیری لە دوایی نەوەدەکانی سەدەی پێشوو ڕۆژنامەی کاغەزی کوردی تۆکمەو رێکتر سەریهەڵداوەو لەچاو میللەتانی دەوروبەریش لە زۆرێکیان پێشکەوتووترو ڕابەر و پێشەنگە .

## بەشی یەکەم : چوارچێوەی توێژینەوە

### گرفتی توێژینەوە :

گرفتی ئەم توێژینەوەیە (رۆژنامەگەری چاپکراو و ئەلیکترۆنی کوردی سەرهەڵدان و ململانێ) خۆی لەوەدادەبینێتەوە کە هەردوو جۆرە رۆژنامەکە ئەوکاتەی دەکەونە خزمەتی خوێنەران و ڕۆڵ و کاریگەرییان دەبێت، کە کۆمەڵگای کوردستان بەشێوەیەکی سەرەتایی ئاشنای تەکنەلۆژیای چاپ دەبێ هەرلەدەیەی یەکەمی سەدەی هەژدەدا رێکتر لە ساڵی ١٩١٦ بەولاوە کاتێ حوسێن حوزنی موکریانی چاپخانە دێنێتە کوردستان تاسەردەمی سەرهەڵدانی میدیای دیجیتەڵی لەکوردستان لەسەدەمی ڕاپەڕینی ساڵی 1991 دا رێکتر لەساڵانی 1995-2000 بەسەرهەڵدانی Media TV و KTV دواتر سەرەهەڵدانی رۆژنامەی ئەلیکترۆنی کوردستان نێت و کلاورۆژنە لەساڵانی ١٩٩٧ -١٩٩٨ بەرەوسەرەوە هەروا ماڵپەری دەنگەکان. لە ساڵی 1995 وە لەقۆناغی چەکەرەکردن و سەرهەڵدان لە 2003 بەرەو سەرەوە نەشونوماکردن داناراستەوخۆ هەردوو جۆری رۆژنامە دەکەونە کێبرکێ و ململانێیەکی شاراوە بۆ گەیاندنی پەیامی میدیایەکی کوردی ڕۆڵی میدیا گەر بۆ نەتەوەکانی دی هەر ئەوە بووبێ ئەکی پیشەگەری خۆی بگەینێ بۆ نەتەوەی کورد ئەرك و ڕۆڵی هوشیارکردنەوەی نەتەوەیی و نیشتیمانیشی لە ئەستۆ دابووە .

### بایەخی توێژینەوە :

لەبواری خۆیدا ئەم توێژینەوەیە یەکەمین توێژینەوە نییە، بەلکو لە توێژینەوە بەراییەکانە کەباس لە ناسنامەی رۆژنامەگەری کوردی بکات لە روانگەی تەکنەلۆژیا و کاریگەری ئەم تەکنەلۆژیایە لەسەر پێشخستنی میدیای کوردی بەگشتی و رۆژنامەی کاغەزی و ئەلکترۆنی کوردیش بەتایبەتی.

بۆیە توێژەر هەوڵی داوە لایەنی تەکنەلۆژیای رۆژنامەگەری لە چاپجانەی کوردستان- 1916 و چاپخانەی مێجەرسۆن- 1918 تا پەیدابوون و سەرهەڵدانی کۆمپیوتەر و ماڵپەر – وێب سایت و تۆرەکۆمەلایەتییەکان لە دوای قۆناغی ئازاری لە 1991 بەرەوەسەرەوە تەنیا لایەنی گەشە سەندنی لێ دەنینرێ نەك ململانێیەکی ئاشکرا، چونکە ئەم جۆرە توێژینەوانە گەر لایەنی مێژوویی لێ لابدەین، لە لایەنی تەکنەلۆژیاوە کە مەبەستمان لێی ئامێری چاپە، خودی ئامێرەکە خۆی لە وەدا دەبینێتەوە کە بەیەکێك لە ئامێرە گران بەهایانەیە وێرای گرانی نرخەکەی بەبێ رەزامەندی دەسەڵاتیش کە دەکاتە  ژێر دەستی سانسۆرو ژێر دەستی سیستەمە حوکمرانییەکان لە کوردستان نەهاتۆتە کریدرۆوەداقومری اللەنچاپ و چاپخانە هەر یەکەمین رۆژنامەی کوردی کوردستان – قاهیرە 1898 یەکەمین مەترسییە ەەرە دیاری ئەو بوارەیە بۆ نزیکەی سەدەیەك بواری میدیای خوێندراوی تەنی بوو. ئەمەش بە یەکێك لە هۆکارەکانی پاشکەوتن یا گەشەی سست و خاو و خێل و خیچی بوارە کە دادەنرێ .

### لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی پێشوو :

گەڕان بەنێو کتێبخانەکان وپشکنینی سەرچاوەکانی نێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، پرسین لە مامۆستایان و نووسەرانی بواری میدیای کوردی لەسەر بابەتی (رۆژنامەی ئەلیکترۆنی) بەزمانی کوردی کەمترین سەرچاوەی لێکەوتەوە .

ئەو سەرچاوانەی هەن زیاتریان باس لە رۆژنامەگەری ئەلیکترۆنی بەگشتی دەکەن، نەکوردی، زۆری سەرچاوەکان لەم بورەدا بەکوردییە نەل لەسەر ئەو جۆرە رۆژنامە کوردییە ،تەنها چەند سەرچاوەیەك نەبێ بۆیە توێژەر لەم بارەدا سوودی زۆری لێوەرگرتووە و ئاماژەی بەسەرچاوەکانیش داو .

### ئامانجی توێژینەوە :

ئامانج لە توێژینەوەکە بریتییە لە: کاریگەری تەکنەلۆژیا، هەر لە ئامێری چاپەوە واتە چاپخانە تا شۆڕشەکانی میدیا لە دۆزینەوە و پەیبردن بەشەپۆلەکانی کەهرۆ موگناتیسی، تەلگراف ، ئامێری رادیۆ ، فۆتۆگراف، تەلەفزیۆن، کۆمپیوتەر وسەردەمی مانگی دەسکرد ، چۆن و بەچ شێوەیەك رۆژنامەگەری کاغەزی و ئەلیکترۆنی کوردییان بەرەو پێشەوە بردوە .

**پرسیارەکانی توێژینەوە :**

لەدوایی سەرهەڵدانی سەردەمی دیجیتەڵی بۆکورد ئایا شتێك هەیە بەناوی ململانێی نێوان رۆژنامەی چاپکراو رۆژنامەی ئەلیکترۆنی کوردی؟ یا یەکیان مەبەستییەتی ئەوی دی ڕەش بکاتەوە؟ یا ملمکانێ شاراوەکە هەر لە پێناو پێشاندانی خودی پێشکەوتنە تەکنەلۆجییەکە تا خزمەتی زۆرترین وەرگر کەخوێنەرو بینەری خۆیەتی بکات؟

ئەمانە ئەو پرسیارانەن توێژەر هەوڵدەدات لەم توێژینەوەیەدا وەڵامیان بداتەوە .

**میتۆدی توێژینەوە :**

لەڕووی میتۆدەوە، ئەم توێژینەوەیە (ڕۆژنامەگەری چاپکراو و ئەلیکترۆنی کوردی سەرهەڵدان و ململانێ ) دەچێتە خانەی میتۆدی وەسفی مێژووییەوە. توێژینەوەکە دەلالەت لەوەسفی بابەتەکانی تەکنەلۆژیای چاپ و ئەلیکترۆنی دەکات لە کاروانی ئەو مێژووە ئالۆزو نادیارەی بواری چاپی رۆژنامەگەری کوردییەوە .

بواری چاپ، ئامێری چاپ و چاپخانە دەگرێتەوە ، ئەو بوارەی لەم مێژووەدا لە ساڵی 1898وە تا هاتن و دامەزراندنی چاپخانەی زاری کرمانجی لە ئەڵمانیاوە بۆ بازاری سویقەی شاری حەلەب و چاپکردنی نامیلکەی خونچەی بەهارستان 1915 تا دامەزراندنی لە شاری رواندز- هەولێر و چاپکردن و بڵاوکردنەوەی گۆڤاری زاری کرمانجی لەساڵی 1928 ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە کەوا تەکنەلۆژیای چاپ بۆ چاپکردنی رۆژنامە و گۆڤاری کوردی بەسەرەتاییەکی کەمدەرامەت وتواناوسنووری دیاریکراوە تێپەڕیوە، بەڕادەی ئەوەی کە نووسەرو رۆژنامەنووسێکی وەك حوزنی بەدەست پیت هەڵکۆڵێنێ لەدرەختی دار بەڕوو تا دەفری چاپی پێ پڕبکاتەوە لە قاڵبی پیتە کوردییەکانی وەك (ژ،چ ، ێ، گ ، ۆ ، ڕ ، ڵ ..تد ) .

لەبواری ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنییەوەش ، سەرەتای سەرهەڵدانی پێچەوانەی رۆژنامەی کاغەزی کوردی بەسەرەتایەکی پتەودەست پێ دەکات، هەر لەگەڵ سەردەمی جیهانگیری و گەیشتنی شەپۆلەکانی جیهانگیری و کرانەوەی ئاسمان بەڕووی زەوییە قەتیس ماوەکان، یا داگیرکراوەکان لەدایك بوونی هەدوو کەناڵی ئاسمانی Media TV و Kurdistan TV، پاشان Kurdistan .net و کڵاورۆژنە لەساڵانی 1991 بە رەو سەرەوە، واتە لەسەردەمی ئازادی و سەربەستی بیروڕادەربڕین و بێ سانسۆری، تەکنەلۆژیای رۆژنامەی ئەلیکترۆنی بەجۆرێ برەو دەسێنێ جگە لە رۆژنامەی رۆژانەی (خەبات – Phd ) ڕۆژانە ،لەماڵپەری ئەلیکترۆنی ئامادەییان هەبێ ورۆژنامەکانی دیکەش بێنە ئەو مەیدانەوە .

هەر لە میتۆدی ئەم توێژینەوە وەسفی و مێژووییەدا دەگەینە ئەو راستییەی کەوا لە بواری رۆژنامەی ئەلیکترۆنی کوردی دا، حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق بە بەراورد لەگەڵ هەندێ ووڵات و دەوڵەتی خاوەن دەسەڵات و کیانی سەربەخۆی دراوسێ پێشەنگ و ڕابەرە .

## بەشی دووەم : رۆژنامەی کوردستان و سەرهەڵدان

**یەکەم: رۆژنامەی کوردستان و سەرهەڵدانێکی مەزن**

کەبەراوردی لەدایك بوونی یەکەمین رۆژنامەی کوردی (کوردستان – ١٨٩٨ قاهیرە) لەگەڵ کۆنترین رۆژنامەی ناوچە کە (تەقویمی وەقائع- تورکی -١٨٣٢) و ئەخبار کاغەزی ئێران -١٨٥١ زەورای عێراقی – ١٨٦٩ دەکەین ئەم خاڵانەمان بۆ دەردەکەوێت:

١-ڕۆژنامەی کوردستان، لەچاو هەموو رۆژنامەکانی ئاماژە پێکراوی ناوچەکە بەیەکەمین رۆژنامەی ئەهلی کەسی دادەنرێت کەلەلایەن میقداد مدحت بدرخان و بنەماڵەی بەدرخانیان دەرچووە، ئەوانی دیکە هەموویان دەوڵەتی بوونەو حکومەتەکان لەپشت دەرچوونیان بوونە، چونکە زمانحاڵی دەوڵەت بوونە، بەپێچەوانەی رۆژنامەی کوردستان کەزمانحاڵی نەتەوەیی و نیشتیمانی بووە .

٢- هەردوو دەوڵەتی زلەیزی ناوچەکە ئێرانی فارسی و تورکی عوسمانی خۆیان خاوەنی چاپخانەی خۆیان بوونە هەر لەساڵی ١٤٩٢ وە تا ١٨٢٥ لە نێو گەلەمرەوی هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و سەفەوی واتە لە تورکیاو ئێران و عێراقدا.

بەپێچەوانەوە رۆژنامەی کوردستان لە بێ چاپخانەی و لەترسی سانسۆری دەوڵەتی عوسمانی لە قاهیرە لە چاپخانەی (هیلال -١٨٩٨) دەردەچێ.

پاشان هەرلەترسی سانسۆر و دەسەڵاتی عوسمانی لە نێوان قاهیرەو شارانی ئەوروپا هەرجارەی لە شوێنێ لە جنێف، لەندەن ،فۆلکسن و دیسان قاهیرە دەردەچێ .

لەهەردوو بواردا کەبەراوردی رۆژنامەی کوردستان دەکەین و لە شێوەو شێوازی دەرچوونی وورد دەبینەوە بۆ مێژووی رۆژنامەگەری کوردی و ناوچەکە لەدایك بوونی رۆژنامەی کوردستان بەهەر ٣١ ژمارەیەوە سەرهەڵدانێکی مەزنی بواری پیشەگەری رۆژنامەوانی یە و ئەوشانازی و رابەرایەتی و پیشەگەرییەش بەر میقدادو بەدرخانییەکان دەکەوێت.

بەواتایەکی دیکە کورد لەبواری رۆژنامەگەری و پیشەکەدا لە چاو عەرەب و تورك و فارس بە رۆژنامەگەری ئەهلی – کەسی دەستی پێکردووە، نەك رۆژنامەگەری حکومەتی و دەوڵەتی .

**مێژوی یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی:**

مێژووی لەدایك بوونی ئەم ڕۆژنامەیە سەرەتای لەدایك بوونی ڕۆژنامەگەری کوردی بوو،کاتێك (مقدات مەدحەت پاشا) و براکانی نەك هەر دوور لە وڵات و دەسەڵاتی خۆی بەڵکو دوور لەدەسەڵاتی عوسمانیەکانیش ڕویان کردە میسرو لە قاهیرە یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی (کوردستان) یان لە (22 ی نسانی 1898)دا دەرکرد ،ئەم ڕۆژنامەیە تا ژمارەی سێیە میشی لە چاپخانەی (هیلال ) چاپکراوە ،بەلاَم لەژمارەی چواری ئەو ڕۆژنا مەیە دا نوسراوە کە لە (کوردستان) لە چاپخانەی سەربەخۆی ڕۆژنامەی (کوردستان) چاپکراوە و ژمارەی پێنجەم یان لە هە مان ئەو چاپخانە کوردییەی ( مقدات مەدحەت) چاپکراوە، ئەو چاپخانە جوانە مەرگەی ( مقدات مەدحەت بەدرخان) تە نها دوو ژمارەی (4) و ( 5) ی ڕۆژنامەی کوردستانی پێ چاپکراوە و بەس ، چونکە دوای ئەوە (مقدات مەدحەت) دەگەڕێتەوە ئەستە مبوڵ و دیارە چاپخانەکە ش دەستی بەسەردا دەگیرێت و لەناو دەچێت.[1]

سەرەتای پەیدابوونی رۆژنامە نووسی هەموو گەلێك مێژووی تایبەتی خۆی هەیە ، ئەو مێژووە بەستراوە بەگەلێك هۆی جیاوازەوەو پێویستی بە ڕوونکردنەوەی زۆرلایەنی ژیانی سیاسی و کۆمەلأیەتـــــــــیە، پەیدابوونی رۆژنامە نووسی کورد جگەلە مەرجەکانی ناوەوەی کۆمەڵ چەند هۆیەکی دەرەوە دەوری زۆریان تیادا بینیووە ، یەکێك لەوهۆیانە بریتیە لە پەیدابوونی رۆژنامە نووسی و پەرەسەندنی دەوری لەژیانی روناکبیری و سیاسەتی گەلانی دراوسێی کورددا ، هەربۆیە لە مێژووی رۆژنامە نووسی کوردیشدا ژێردەستەیی و دابەشکردنی کوردستان بەسەر تورکیاو عیراق و ئێران و سووریادا هۆیەکی دواکەوتنی سەرجەم بوارەکانی ژیانی کوردەواریە ، بەتایبەتی رۆژنامە نووسی کەزیاتر پێویستی بەئارامی و چاپخانەو کادیری تایبەتی هەیە [2].

بەر لەو ماوەیەش کۆمەڵێك ڕووداو گۆڕانکاری هاتنە ئاراوە کە ناوچەکە یان هەژاند لەوانەش دەسەلاَتی عوسمانیەکان بوو لەو ناوچانەی کەلەو ساتەوەختە دا فەرمان ڕەوایەتیان تیادا دەکرد کە بوو بەیەکێك لە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ئەم ڕۆژنامەیە لەسەر دەستی (مقدات مەدحەت بەدرخان) لەم مێژووە وە سەرەتایەکی ڕۆژنامەگەری لە مێژووی گەلی کورد دا داڕێژرا ،چونکە هێمای دۆزینەوەی زمان حاڵی ئەو سەردەمە یە ،بەتۆ مار بوون و بەمێژووکردنی بۆ ئەم سەردە مە پیشان دە دات.[3]

لەگەڵ ئەوەی مایەی خۆشحاڵی بوونی کوردە کە یەکەمین هەوڵی لەبواری ڕاگەیاندن و دەرکردنی یەکەمین ڕۆژنامە ،دەر ئەنجامی هەوڵێکی تاکە کەسیانە بوو پەیوە ندیداری هیچ دەزگاو لایەن و ڕێکخراو گروپێکی دیاریکراو نە

1 فەرهاد پیربال، چەندباسیك لەبارەی میژووی رۆژنامەنووسی کوردییەوە، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم-سلیمانی، 2007، ل7-8.

2-شوان ئادەم ئەیڤەس ، ئیتێك لە رۆژنامەوانی کوردیدا رۆژنامەی هاولاَتی (2000-2002 ) وەك نمونە ، سلێمانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، 2006 ل 128

3 د.کمال فوأد . یەکەمین ڕۆژنامە گەری کوردی .2000.ل 19 .

بوو، بەتوانای شەخسی و مادی و مەعنەوی ئە دیب و ڕۆشنبیرەکان دەستی پێکرد ،لەمەشدا هیچ پاڵ پشتێکی ڕاستەوخۆ یان لەپشت نە بوو هەروەك (مقداد مەدحەت بەدرخان) خاوەنی ئیمتیازو سەرنووسەری ڕۆژنامەی (کوردستان) بوو ڕۆژنامەکە نوێنەرایەتی ڕێکخستنی سیاسی یان کۆمەڵایەتی دیاریکراوی نە دەکرد و دەرکردنیشی دەر ئەنجامی دەست پێشخەرییەکی شەخسی کوردێکی نیشتمان پەروەر بو ،بۆ هۆشیارکردنەوەی گەلێکی چەوساوەی بێبەش لە کەمترین پەرە پێدانی ڕۆشنبیری نەتەوەی.

دەتوانین بڵێین ،ڕۆژنامەیەکی کوردی سەربەخۆبوو، هیچ بنچینەیەکی ڕاست نییە بۆ بۆچوونی هەندێك هاوسۆزی سیاسەتی سوڵتان عبدألحمید لەبۆچوون و دیدگای ئاینی سیساسیەوە کە گوایە ڕۆژنامەیەك بوو بەیارمە تی لایەنی ئەرمەنی دەردەچوو ،یان ئینگلیزەکان پشتیوانیان دەکرد [4]

بەڵام وەکو لەپێشتردا لێی دواین بەر لەوەی کورد لەو مێژووە دا یەکەمین ڕۆژنامەی خۆی بەزمانی خۆی دەربکات ،میللە تانی ترو تەنانەت دراوسێکانیشی ڕۆژنامەیان بەزمانی خۆیان بلاوکردبۆوە . یەکەمین ڕۆژنامەی تورکی بەناوی ( تەقویم الوقاوع ) لەساڵی 1832 دا بوو،یەکەمین ڕۆژنامەی فارسیش (کاغەز أخبار) بوو لە ئێران لەساڵی (1851) دا ،یەکەمین ڕۆژنامەی عەرەبیش لەعێراق بەناوی (ألزورا) بوو لەساڵی (1869) کەهەر سێکیشیان ڕۆژنامەی ڕەسمی بوون و زمان حاڵی دەسەلات بوون ،کەچی بەخۆشحاڵییەوە یەکەم ڕۆژنامەی کوردی ،بەپێچەوانەی ئەوانەوە ،ڕۆژنامەیەکی ئەهلی و تاکەکەسی بووە و ناواخنێکی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و ئازادی هەبووە .ئەم خاسیەتە دەگمەن و سەر پەرە مایەی سەرنج دانە و وامان لێ دەکات بیر بکەینەوە: بۆچی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی ئەم خاسیەتە جیاوازەی هەبووە؟ مقدات مەدحەت بەدرخان ڕوناکبیرێکی پایەدار بووە ،زانیویەتی کە کورد مادام دەوڵەتی نیەوهیچ دەزگایەکی حکومی ئەم ئەرکە لە ئەستۆ ناگرێت، پێویستە خۆی ئەم دەستپێشخەرییە بکات ،ناوبراو پەروەردەی دەستی شاعیر و ڕوناکبیروو ڕۆژنامەنوسێکی وەکو (حاجی قادری کۆی) بوو ، لە ئەستەمبوڵی پایتەخت ژیا ،لەناو جموو جۆڵی ڕوناکبیرە ئۆپۆزسیۆنە یتحادیەکاندا (کە لە ساڵی 1890) بەو لاوە کەوتبونە خۆڕێکخستن لەڕۆڵ و گرنگی ڕۆژنامە تێگەیشتبوو ،دەیزانی ئامڕازێکی کاریگەرە بۆ پەرەسەندنی بیری نەتەوەیی و چەمکە شارستانیەتەکان.[5]

بەم جۆرە دەبینین ئەم بوارە گرنگەی ژیان و ژیاری گەلان کە ڕۆژنامەوانیە لای نەتەوەی کورد پێچەوانەی نەتەوە کانی دیکەی عەرە ب و فارس و تورك ، لە ئەنجامی وشیاری و ئاگاییەکی جدی شەخسیەوە سەری هەڵدا ،نەك لە بەرەنجامی زەرو رەتی بەڕێوە بردنی دەوڵەت و حوکم کردنی پانتاییەك یان بۆ پاڵپشتی دەسەلاتی سیاسی و سواخکردنی کارە جۆر بەجۆرەکانی و پەخشکردن و بلاوکردنەوەی دەنگو باسەکانی بەرنامەی سیاسی و گوتارو ئایدیۆلۆژیای .وەهەروەها ڕۆژنامەی کوردستان نوێنەری هیچ ڕێکخراوێکی سیاسی نەبوو و دەرچوونی تەتها بەدەستپێشخەرییەکی کەسێکی نیشتمان پەروەر بوو کەدرکی بەبا یەخی ڕۆژنامەوانی کرد بوو لەبواری هۆشیارکردنەوەی گەلێکی ستەم دیدەو بێبەش لەکەمترین بارودۆخی پەرەپێدانی ،ڕۆشنبیرییە نەتە وایەتیەکەی ، بە لام ئەو ڕۆژنامەیە ڕەنگدانەوەی ئاراستەی فیکری و سیاسی هەموو ئەوانە بوو کەلە بزووتنەوەی بێداری نەتەوایەتی کورد کاریان دەکرد ،ئەمەش بەدڵنیاییەوە لەوەوە سەر چاوەی گرتووە کەڕۆژنامەکە خۆی لەدایك بووی منداڵدانی قۆناخێکی سەخت و ژیانێکی پڕ دەردەسەری نەتەوەی ،دواکەوتووی و نەخوێندەواری شکستی ڕاپەڕین و جولانەوە یەك لەدوای یەکەکان ،باری دژواری ئابووری و گەندەڵی ئیداری دەزگاکانی دەوڵەتی ،ڕمانی تەلاری کۆمەڵایەتی ،سانسۆرو دە مکوتکردنی ئەهلی قەڵم و ڕۆشنبیرانە لە لایەك و لەلایەکی دیکەشەوە خیانەت و خۆخۆری پاڵدانە دوژمن ،کەوتە نێوان دوو بەرداشی پڕ ململانێی (نەتەوە —ئاین ) ،ئەمە سەرەڕای گەمەی سیاسی دەوڵە تە تەماحکار و زلهێزەکان و پیادەکردنی سیاسەتی داگیرکردن و دابەشکردن و گەڕان بەدوای بەرژەوەندیە جیاوازییە کانیاندا

[4] هێرش ڕەسوڵ، رۆژنامەی ئەهلی لە باشووری کوردستان (1994-2002) ، سلێمانی دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی بەردرخان ، 2006، ل27

[5] د.کمال فوأد . یەکەمین ڕۆژنامە گەری کوردی .2000.ل 20

،لەکاتێکیشدا بەداخەوە " مەسەلەی کورد لەنێوان دەستەکانی دا جگە لە ناوەندێکی گوشارهێنان لەناو گەمەیەکی دبلۆماسی زیاتر نەبوو " . [6]

بۆیە پشکی گەورەی هۆکاری دەرچوونی ڕۆژنامەی (کوردستان) لەو فشارو پاڵپەستۆ یەوە هاتووە و دەکرێت بڵێین ،ئەکەر ئەو سیاسەتە دوژمن کارانەو هەوڵە داگیرکاری و دژ بەشوناسی نەتەوەی نەبوونا یە ،ڕەنگە ڕێکەوتی دەرچوونی یەکەمین ڕۆژنامەگەری بەزمانی کوردی لە 22 ی نیسانی 1898 یش درەنگتر بکەوتایە ! کەواتە زمانی یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی کەناوچەی کوردنشینەو بە ( کوردستان) ناوزەدکراوە ،بەردەوام ناو جەرگەیەکی گرنگ بووە وبەردەوامیش ڕووبەڕوی چاوتێبڕین و کێشە و ململا نێی زۆر بووە تەوە ،لەبەر ئەوە گرنگییەکی مەزنی ستراتیژی وئابووری و جوگرافی هەبووە و بەیەکێك لەزنجیرەکانی بەیە کەوە بەستنی ڕۆژهەلاَت و ڕۆژئاوا دەژمێردرێت چوونکە هەڵکەوتی ستراتیژی کوردستان لەناو جەرگەی ڕۆژهەلاَتی ناوەڕاستدا ،هێزێکی گرنگی دیکەی بزوێنەری سیاسەتی ئەو دەوڵە تانە بوو بەرامبەر دوارۆژی کوردستان [7]

سەردەمی دەرچوونی (کوردستان) جۆرە ڕەوشتێکی زۆر تایبەتی بوو لەلایەك بیری پێشکەوتنخوازانەی شۆڕشی فەرەنسی و جولاَنەوەی ڕزگاری خوازانەی گەلانی ناوچەکە تادەهات گەرمتر دەبوو ،لەلایەکی تریش لە مێژنە بوو میرنشینە کوردیەکان ڕووخێنرابوون ،ئاگری ڕاپەڕینەکانی بەدرخان و شێخ عوبێدوڵلاَی نەهریش خامۆش نەکرا بوو نەوە، لەهەمانکاتدا بزوتنەوەی (عوسمانیزم) لە ئەستەمبوڵ لە لوتکەی پەلاماردان دا بوو نەتەوەکانی ناو ئیمپراتۆریەتەکەش تادەهات لەخەوی غەفڵەت بێدار دەبونەوە و بۆسەر شانۆی دۆزینەوەی چارەنوسی خۆیان ملیان دەنا ،ئینگلتەرا و ڕوسیا و فەرەنسا و ئەڵمانیاو ئەمریکا ش چاویان حێرو بێری ئەم ناوچەیە .[8]

هەروەك لەسەرەوە ئاماژەمان پێکرد ،هەلومەرجی سیاسی لەدایك بوونی ڕۆژنامەی کوردستان هەلو مەرجێکی نالە باری سیاسەتی قڕکردن و سڕینەوەی شوناسی نەتەوەی و ڕووخاندنی کەسایەتی کوردی بوو وەك یەکێك لەگەورەترین نەتەوەکانی ناوچە کە چ لەڕووی مێژوو وشارستانیە تەوە چ لەڕووی ژمارە و ڕووبەری خاکەوە ، بەتایبەت لە سەردەمی دەسەلاَتی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم (1876 -1909) دا کەماوەی فەرمان ڕەوایەتیەکەی دەکەوێتە پێش و پاش بلاَوکردنەوەی یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی ،ئەم سوڵتانە جگە لەوەی دەستوری لەکار خست و دەروازەی حوکمێکی دیکتاتۆری و سیاسەتی دژ بە نەتەوە غەیرە تورکەکانی گرتە بەر، بەرا مبەر بە کوردستانیش لەگەڵ سیاسەتی سوڵتانەکانی تری عوسمانیدا جیاوازبوو ،بەوەی ڕو کەشانە هەمیشە وای ڕا دەگەیاند کە لە کوردەوە نزیکەو خۆیشی نزیك دەکردەوە ،بەلاَم هەمیشەش لە بیرکردنەوەی دانانی پلان و ئاژاوە بوو بۆی و فێڵبازانە دەی ویست لە بەرامبەر نەتەوە کانی دیکە دا بەکاریان بهێنێ ،وەك چۆن مەبەستی بوو بیان کات بەگژ ئەرمەنەکان و بەری ئەو شالاَو هێرشەیان پێ بگرێت کەڕوسەکان دەیان کردە سەر دەوڵەتە کەی ،ئەم مەرامەش بەوە دە هاتە دی کە نەتەوەی کورد لەبۆتەی نەتەوایەتی تورکی دا بتوێنێتەوە ،ئەوەتا لەیاداشتەکانی خۆی دا نوسیویەتی " پێویستە ڕەگەزی تورك لەڕۆم و ئەنادۆڵ بەتایبەتی بەهێز بکەین و کوردەکان بتوینینەوەو بیان خەینە پاڵ خۆمان بەم جۆرە تێدەگەین کە زەمەنی دەرچوونی یەکەمین ڕۆژنامەی ئەهلی کوردی (کوردستان) لەڕووی سیاسی و ڕۆشنبیرییەوە لەچ هەلومەرجێکی دا بووە و ڕۆژنامەکە لەنێو چ ڕەوشێکی سەخت و باودۆخێکی دژواری نەتەوەیدا چاوی هەڵهێناوە .

### ڕۆژنامەی کوردستان لە سێ خولدا

**خولی یەکەم:** بۆ یەکەم جار لە مێژووی کوردا، یەکەم ڕۆژنامەی کوردی بە ناوی ڕۆژنامەی (کوردستان) لە ڕۆژی 1898/4/22 لەلایەن (میقداد مەدحەت بەدرخان)ەوە، لە قاهیرە دەرچوو، ئەم ڕۆژنامەیە لە خولی یەکەمدا،

---

[6] هێرش ڕەسوڵ، ڕۆژنامەی ئەهلی لە باشووری کوردستان (1994-2002) ،سلێمانی دەزگای چاپ و بلاَوکردنەوەی بەردرخان ، 2006، ل29

7 کەمال مەزهەر، چەند لاپەرەیەك لە مێژووی گەلی کورد، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- هەولێر، 2001، ل5.

[8] هێرش ڕەسوڵ هەمان سەرچاوە، 2006، ل27

ژمارەی لێ دەرچووە، ماوەی چوار ساڵ بەردەوام بووە، واتە خولی یەکەمی لەنێوان ساڵانی (1898-1902) بەردەوام ژمارەی(1-4) میقداد بەدرخان سەرنووسەری ڕۆژنامەکە بووە، بەهۆی ئەوەی میقداد مەدحەت تووشی نەخۆشی بووە لە ژمارە(5) بە دواوە، عەبدول ڕەحمانی برای ئەرکی سەرنووسەری ڕۆژنامەکەی گرتووەتە ئەستۆ، لەهەمان کاتدا بەهۆی ڕاوەدونان و فشاری بەردەوامی دەوڵەتی عوسمانی لەسەر ستافی نووسین و سەرنووسەرەکەی، ئەم ڕۆژنامەیە لە شوێن و چاپخانەی جیاوازدا بەشێوەی پچرپچر دەرچووە، ئەمەش بەشێوەیەك بووە لە ماوەی خولی یەکەمی تەمەنیدا لە سێ وڵات و چوار شاری جیاواز و پێنج چاپخانە بە پچر پچر، بەم شێوەیەی خوارەوە دەرچووە:

1_ ژمارە (1-5)ی لە (قاهیرە)ی پایتەختی میسر دەرچووە.

2_ ژمارە (6-19)ی لە (جنێف)ی پایتەختی سوسرا، دەرچووە.

3_ ژمارە (20-23)ی جارێکتر لە (قاهیرە) دەرچووە.

4_ ژمارە (24)ی لە (لەندەن)ی پایتەختی (بریتانیا) دەرچووە.

5_ ژمارە (25-29)ی لەشاری (فۆلکستۆن) لەباشوری (لەندەن) دەرچووە.

6_ ژمارە (30-31)ی بۆ جاری دووەم لە(جنێف) لە سویسرا، دەرچووە. (شەماڵ، 2010، ل: 18-19-20).

ڕۆژنامەی کوردستان بۆیە کەم جار لە ساڵی (1968) لە کتێبخانەی شاری (مابۆرگ) لە ئەڵمانیا لەلایەن (د.کەمال فوئاد)ەوە، دۆزرایەوە کە سەرجەم ژمارەکانی ئەم خولەی (31) ژمارە بوو دەست کەوتن، بەلاّم ژمارەکانی (10-12-لەم ساڵانەدا ئەم پێنج ژمارەیەی دۆزرایەوە و لە ساڵی (1998) لەهەولێر لە ساڵیادی (100) ساڵەی ڕۆژنامەنووسی لە لایەن (عەبدوڵلاّ زەنگەنە و محموود زامدار)ەوە نمایشکرا. ئەم ڕۆژنامەیە دوا ژمارەی لە جنێف لە (14-نیسانی-دەرچووە ڕۆژنامەی کوردستان بە زمانی کوردی بە شێوەزاری (کرمانجی سەروو) دەرچووە و بە پیتی عەرەبی و بە خەتی (فارسی) چاپکراوە.[9]

(عەبدولڕەحمان)ی برای میقداد بەدرخان، لە ژمارەی شەشی ڕۆژنامەکەدا نووسیویەتی"ئەم جەریدەیە هەتا ئێستا برای من (میقداد بەگ) دەری دەکرد، بەلاّم لەبەر ئەوەی خونکار (مەبەستی لەخونکار سوڵتان عەبدولحەمید)ە، نەیهێشت ئەو لە میسر دانیشێت، بۆیە گەڕایەوە بۆ ئەستەمبۆڵ، لە ئەستەمبۆڵ نەیتوانی جەریدەکەی دەربکات، چونکە پیاوە گەورەکانی دەوری خونکار هەموو خائین و بێ ئەسڵ و نەسەبن، نەیاری جەوانمەردانن، یەکێکیان ناوی (ئەبولهودایە)، لە هەموویان زیاتر نەیاری ماڵی بەدرخان بەگ و، نەیاری هەموو گەلی کوردە، نایەڵێت کوڕانی بەدرخان بەگ جەریدەیەکی وەها دەربکەن بێتە مایەی باشی کوردان، منیش کوڕی بەدرخانم لەبەر تەعسوب وحەمییەتی خۆم، لە موڵکی خونکار دەرچووم و هاتمە دیاری غەریبی تا ئەم خزمەتە بە وەتەن و میللەتەکەم بکەم لە کەرەمی خودا هیوادارم کە کوردیش بە هۆی ئەم جەریدەوە لە خەوی گرانی چەند ساڵەی هۆشیاریان بیبێتەوە" ئەم ڕۆژنامەیە خۆی بە خاوەنی پەیامێکی سیاسی زانیوە بۆ گەلی کورد، بۆیە لە لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەکەداو لە ژێر ناوی جەریدەکەدا نووسیویەتی:" هەر جارەی دوو هەزار دانەی بە خۆڕای ڕەوانەی کوردستان ئەکات تا بیدەن بە خەڵك ".[10]

**خولی دووەم:** خولی دووەمی ڕۆژنامەی کوردستان لە دوای شۆڕشی (مەشروتە) لە دەوڵەتی عوسمانی لە ساڵی (1908)دا لە لایەن ( سورەیا بەدرخان)ی برازای (میقداد مەدحەت و عەبدولڕەحمان بەدرخان) لە شاری (ئەستەمبوڵ) بۆ جارێکی تر ڕۆژنامەی (کوردستان) ی دەرکردەوە، هەرچەندە تاوەکو ئێستا هیچ ژمارەیەکی ئەم خولەی ڕۆژنامەکە لەبەر دەستدا نییە و نازانرێت چەند ژمارەی لێ دەرچووە، بەلاّم بە پێی وتەی (سورەیا بەدرخان) کە لە سەروتاری ژمارەیەکی خولی سێیەمی ڕۆژنامەی ناوبراودا بلاّوی کردووەتەوە باس لەوە دەکات کە ڕۆژنامەکەی تاوەکو ساڵی بەردەوام بووە لە دەرچوون، بە هۆی هێرشی سەربازی سوپای عوسمانی بەسەرکردایەتی (جەنەڕاڵ مەحمود شەوکەت

[9] عەبدلجبار محەمەد جەباری ، مێژووی رۆژنامەگەری کوردی ، سلێمانی چاپخانەی ژین ، 1970،ل2

[10] نەوشیروان مستەفا ئەمین ، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی رۆژنامەوانی کوردی ، سلێمانی ، چاپ و ئۆفیسی دەزگای سەردەم ، 2001 ، ل44-45.

پاشا)، له (14-4-1909) بۆسەر شاری ئەستەمبوڵ و دەستگیرکردنی ژمارەیەکی زۆر له کەسێتی سیاسی وکۆمەلأیەتی ڕۆشنبیرانی کورد له نێویاندا ناوبراو، ڕۆژنامەکه داخراوه.[11]

هەندێك سەرچاوه ئاماژه به وتاریکی خودی (میر سورەیا بەدرخان) دەکەن که له ژمارەی یەکەمی دەوری سێیەمی ڕۆژنامەی کوردستاندا هاتووه، که لەڕۆژی (12ی ئەیلولی ساڵی 1917)دا دەرچووه، له وتارەکەدا هاتووه: مشروگیەتێ چێبوو، حەمی ماڵی بەدرخان دەرکەفت ژ حەبس دیسان ژ قەنجیا وەلاتێ کرمانارا، دیخه بتینێ دەست ئاڤێتن، نه ڤی پێ میر بەدرخان (پریا بەگ) ژ قەنجیا کوردستانێ دەریخست، پاشی ڕۆژی (31ی مارت ساڵی 325) مەحمود شەوکەت پاشا ب له شکەرێ خوه ئەستا نببولی گرت جەمعیەتی ئیتحادو تەرەقی ژ رویێ خوه ماسکەیێ ئاڤێت،ڤەلیك ژمروڤێن قەنج ولاڤی رێگیر حەبس ونەفی (پربەگی)ژی ئیرتجا عیره ئانها مکیرو ئاڤێت حەبسێ ناڤێ ڤی (بەکرئاغا بلوکی)". به پێی ئەم وتارەی (سورەیا بەدرخان) خولی دووەمی ڕۆژنامەی کوردستان له ساڵی (1908)ز پێ دەکاتەوه، تاکو ڕۆژی( 31ی ئاداری ساڵی 1909)ز درێژه دەکێشێت، تا ئەو ڕۆژەی حکومەتی ئیتحاد و بەدرخان ) که سەرنووسەری ڕۆژنامەکه بوو، دیخەنه بەندیخانەوه و ڕۆژنامەکه دادەخەن.[12]

(د.بلەچ شێرکۆ)ش، پشتگیری ئەو بۆچوونه دەکات که (سورەیا بەدرخان) دوو جاری دیکه ڕۆژنامەی کوردستانی بڵاوکردۆتەوه، جارێك له ئەستەمبۆڵ و ئەوی دیکه له قاهیره.(عەبدولسەمەد ئیسلام تەها دۆسکی، 2012، ل: 25).

**خولی سێیەم:** پاش تێکچوونی بارودۆخی دەوڵەتی عوسمانی و ئاواره بوونی ژمارەیەکی زۆر له کەسایەتییه سیاسی و ڕۆشنبیرەکانی کورد له ناویاندا (سورەیا بەدرخان) پاش ئەوەی له بەندیخانەی ئیتحادییەکان ئازاد دەکرێت، ڕوو دەکاته وڵاتی میسر و له شاری قاهیره نیشتەجێ دەبێت، پاش ماوەیەك بیر له دەرکردنی خولی سێیەمی ڕۆژنامەی کوردستان دەکاتەوه، بۆیه له ڕۆژی (12-9-1917)دا، ژمارەی یەکەمی دەردەکات ئەم خوله ماوەی ساڵیکی خایاندووه، له نێوان ساڵانی (1917-1918) دەرچووه و تێکڕا (11) ژمارەی دەرچووەکه دوا ژمارەی له (28-8-1918)، دواتر له دەرچوون وەستاوه.

لەسەر بنەمای ئەم ڕاستیەوەیه که (د.کەمال) دوای ئەوەی له ساڵی 1980دا، یازده ژمارەی ئەم ڕۆژنامەیه دەدۆزێتەوه ناوی دەنێت خولی سێیەم .[13]

(سورەیا بەدرخان) له سەروتاری یەکەمین ژمارەی ئەم خولەیدا چیرۆکی دەرکردنی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی بەم جۆره دەگێڕێتەوه" هەموو سوڵتانەکانی تورك نەك تەنیا له وڵاتی کورد هیچ کارێکی باشیان نەکرد، بەڵکو وڵاتی تورك و وڵاتی ئێمەشیان خراپ کرد، له زەمانی (میرانی) کوردا له وڵاتی کورد هەموو شتێکی باش هەبوو، بەرەبەره هەموو شتێکیان خراپ کرد، تورکەکان دوو سەد ساڵ بوو نەیان ئەزانی له (ئەدەرنه)وه تا ئەستەمبوڵ ڕێگەیەك دروست بکەن، ئیتر چۆن بزانن ڕێگاو شتی باش له وڵاتی ئێمه دروست بکەن؟ پێش دووسەد ساڵ حاڵی وڵاتی ئێمه له ئێستا خراپتر نەبوو، پادشا هانی عوسمانی بینییان به باشی ناتوانن وڵات کۆنترۆڵ بکەن هەستان تۆی خراپ یان فڕێدایه ناومانەوه، ئیتر وڵات ڕۆژ به ڕۆژ بەرەو وێران بوونی زیاتر دەچوو. میرانی کورد که سوڵتانی عوسمانی به زۆر هێنابوونیه ئەستەمبۆڵ ئەم حاڵەیان دی، بینییان حکومەتی عوسمانی هەر ڕۆژه ئەڵێت بۆ چاکەی هەوڵ دەدەم، هەر، ڕۆژه درۆیەك ئەکات و شتێکی باش ناکات که بێت به مایەی خۆشگوزرانی بۆ گەلی کورد، دواجار میره کوردەکان بۆ چاکەی کورد و ڕزگاریی کوردستان کەوتنه کار، ڕۆژنامەی کوردستانیش هەر له چوار چێوەی ئەو هەوڵ و تێکۆشانەی سەردارانی کورد بەگشتی و بنەماڵەی بەدرخانییەکاندا بوو".[14]

**خولی سێیەم** دوا خولی دەرچوونی ڕۆژنامەکەیه و بەمەش بنەماڵەی بەدرخانییەکان جگه لەوەی ڕابەرایەتی گەورەترین شۆڕشی چەکدارییان کردووه له مێژووی کورددا، له هەمان کاتیشدا گەورەترین خزمەتیان به بواری

---

[11] بەهادین ئەحمەد، سەرەتایەك بۆ میژووی ڕاگەیاندنی کوردی، چاپخانەی چوار چرا- سلیمانی، 2010، ل22.

12 شەماڵ و بەرهەم، گۆڤاری (22نیسان)، ژماره 1ی 22نیسانی 2010.

[13] بەهادین ئەحمەد، هەمان سەرچاوه، 2010، ل23-24.

[14] نەوشیروان مستەفا ئەمین ، چەند لاپەڕەیەك له مێژووی ڕۆژنامەوانی کوردی ، سلێمانی ، چاپ و ئۆفیسی دەزگای سەردەم ، 2001 ، ل46.

ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەگەریی کوردی کردووە، لاپەڕەکانی  مێژووی کوردییان پڕ بایەختر و گەشاوەتر کردووە، کاروانی ڕۆژنامەگەریی کوردی لە دوای یەکەم ڕۆژنامەی کوردییەوە بەردەوامی بە خۆوە بینیووە و لەگەڵ  هەڵگیرسانی شۆڕشەکان و دروستبوونی پارتە سیاسییەکاندا ڕۆژنامەی زیاتر پەیدا بوون و بواری  ڕۆژنامە گەریی کوردی بووژانەوەی زیاتری بە خۆوە بینیووە، هەر ڕۆژنامەیەك لە ژێر ناوێکی جیاوازو گونجاودا بەردەوام لە هەوڵی داکۆکیکردندا بوون لە بەرژەوەند ییەکانی میللەتی کورد. لهتر

**ئایا ڕۆژنامەی کوردستان (1898-1902) ئۆرگانی حزبی ئیتیحاد  وتەرەقی بووە؟**

ئەم بەڵگانە وامان لێدەکەن کەوا بیرمان بۆ ئەوە بچێت کە ڕۆژنامەی کوردستان ئۆرگانی حزبی (ئیتیحادوتەرەقی) بووبێت.

1- سەرنووسەری ڕۆژنامەکە (میقداد مەدحەت) ئەندامی حزبی ئیتیحادوتەرەقی بووە، دووەم سەرنووسەریش عە بدولڕەحمان بەدرخان، ئەویش هەر بە هەمان شێوە ئەندامێکی چالاکی ئەو حزبە بووە.

2- بارەگای (ڕۆژنامەی کوردستان) لە جنێف، لە ناو بارەگای حزبی ئیتیحادییەکاندا بووە، کە ئەوانیش لە هەمان شوێندا ڕۆژنامەیەکیان بە ناوی  ڕۆژنامەی (عوسمانلی) بەزمانی تورکی و فەرەنسی بڵاو کردۆتەوە. ناونیشانی بارەگا ئەم ڕۆژنامانە لە هەمان شوێن و شەقام دابووە.

3- لە ژمارە(6) بەولاوە دوا ژمارەکانی (کوردستان) لە جنێف و لەندەن وفۆلکستۆن، لە چاپخانەکانی (ئیتیحادو تەرەقی) چاپ کراوە، کولفە و کاغەز و خەرجی چاپیش لە سەر ئەوان بووە و پارە لەسەرنووسەر وەر نەگیراوە.(یوسف ئەحمەد نتیك،68، ل:2005).

4- ئۆرگانی حزبی ئیتیحادییەکان چەندین جار پڕوپاگەندەی بۆ ڕۆژنامەی (کوردستان) کردووە، بە نموونە: لاپەرە(5) ی ژمارە (35)، لاپەڕە(8) ی ژمارە (49)، هیتد.

5- کات و شوێنی بڵاوبوونەوەی ئۆرگانی ئیتیحادییەکان و ڕۆژنامەی کوردستان، هەمان کات و شوێنە.

6- سەرنووسەری ڕۆژنامەی (کوردستان) میقداد مەدحەت، هاوڕێی نزیکی هەردوو بەر پرسیارانی ڕۆژنامەی عوسمانیەکە بوون، واتە: (د.عەبدوڵلا جەودەت، د.ئیسحاق سکووتی) کە  هەموویان هاوخوێن و هاونیشتیمان بوون، لە هەمان سەردەم وکاتدا ژیاون، پێکەوەش ئەستەمبۆڵ یان بە جێ هێشتووە و ئاوارەی باکوری ئەفریقا و میسر بوونە. تر

**دووەم: ناساندن و پەیوەندی ڕێخراوە کوردییەکان**

**پارتو ڕێکخراوەکوردییەکانی باکوری کوردستان.**

**1- کۆمەڵەی تەعالی وتەرەقی کورد:** یەکێکە لە کۆنترین کۆمەڵە رامیارییەکانی کورد، کە لە25- ئەیلولی  1908 لە ئەستەمبۆڵ لە لایەن (شێخ عبدالقادری نەهری، ئەمین عالی بەدرخانو، ژەنراڵ شەریف پاشا، خەلیل خەیاڵی و، داماد دوالکفل پاشا، هتد) دامەزراوە. چەندین ئەفسەرو ڕۆشنبیرانی کوردو خوێندکارانی زانکۆکان لەئەستەمبوڵ پەیوەندیان پێوە کردووە، لقی لە زۆربەی شارە گەورەکانی کوردستان هەبوو وەك (دیاربەکر، بەدلیس، موش، ئە رزەرۆم، وانو، موسڵ). ئەم کۆمەڵەیە ڕۆژنامەیەکیان بەناوی کۆمەڵەی (تعاون وتەرقی کورد) بڵاوکردوە کە زمانحاڵی کۆمەڵە کە بوو، ئامانجی کۆمەڵە کەش بریتی بوو: لە کردنەوەی قوتابخانە بەزمانی کوردی لە کوردستانو دامەزراندنی کورد، لە داموودەزگا حکومییەکانو، دانان بەزمانی کوردیداو، ڕێدان بەدەرکردنی بڵاوکراوەو ڕۆژنامە وگۆڤار بەزمانی کوردی،

---

15 دلێر عەبدولخالق، "کوردستان" یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی و کاریگەری بەشێك لە شۆڕشەکان، لەسەر بووژانەوەی ڕەوتی  ڕۆژنامەگەری، گۆڤارەری ماس میدیا،  ژمارە(1)، 22-نیسانی 2008.

[16] فەرهاد پیربال، چەند باسیك لەبارەی میژووی ڕۆژنامەنووسی کوردییەوە، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم-سلیمانی، 2007، ل36-37.

بایەخدان بە باری ئابوری کوردستان ئەم کۆمەڵەیە لە ڕاستیدا ڕۆڵێکی سەرەکی هەبوو لە وریاکردنەوەی هەستی نەتەوایەتی کورد.[17]

2- **کۆمەڵەی مەعاریفی کورد:** کۆمەڵەیەکی ڕۆشنبیری کوردی بوو، لەساڵی 1908 لە ئەستەمبۆڵ دامەزراوە توانی قوتابخانەیەك بۆ منداڵانی کوردبکاتەوە، بەرێوەبەری قوتابخانە کەش (عبدالرەحمان بەدرخان) بوو ئەم کۆمەڵە یە لە لایەن دەوڵەمەندو دەست ڕۆشتووەکانی کوردەوە پشتیوانی دەکرا. ئەندامانی ئەم کۆمەڵەیەش زۆربەیان لە رۆشنبیران وخوێندکارە کوردەکانی زانکۆ و پەیمانگاکانی ئەستەمبوڵ بوون، زۆر بایەخیان بەفێربوونی منداڵانی کورد دەدا و نەخویندەواری یان بە گەورەترین کۆسپ لە رێگای پێشکەوتنی کۆمەڵگای کوردی دادەنا، لەناوەڕاستی ساڵی 1909ز ئەم کۆمەڵەیە بەهۆی بریار و سیاسەتی تورکە ئیتحادییەکانەوە ڕاوەستا تادوای جەنگی دووەمی جیهانی.[18]

3- **کۆمەڵەی هێڤی:** ئەم کۆمەڵەیە لەساڵی 1910ز لە ئەستەمبوڵ لە لایەن قوتابیە کوردەکانی ئامۆشگای کشتوکاڵیەوە دامەزراوە، پاشان وردە وردە فراوان بوو تاکو هەمووچینەکانی کۆمەڵگای گرتەوە لە ئەندامە دیارەکانی (عومەربەگ، جەمیل پاشا، قەدری جەمیل پاشا، ئەکرەم بەگ جەمیل پاشا، فوادتەبۆك، مەمدوح سەلیم). پاشان بەهۆی چالاکییە نەپساوەکانیانەوە کۆمەڵە بوو بە ڕێکخراوێکی سیاسی پەیوەندی لەگەڵ مونتەدای وێژەیی لەدیمەشق پتەو بوو، ئەم کۆمەڵەیە گۆڤاریکی بەناوی (ڕۆژی کورد) لە1913ز بە هەردوو زمانی کوردیو، تورکی دەرکرد پاشان گۆڤارێکی تریان بە ناوی (هەتاوی کورد) لە ساڵی 1913ز دەرکرد.

4- **کۆمەڵەی تە عالی کوردستان:** ئەم کۆمەڵەیە 1917 لە ئەستەمبوڵ دامەزراوە، لەپێش کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی یەکەم و لە کاتی ئاگربەست و لە دوای جەنگیش چالاکییەکانی دەست پێکردەوە لە بواری سیاسی دا کە بریتی بوو: لە داواکردنی سەربەخۆی بۆ ڕزگاری کوردستان، شاد بوونی گەلی کورد بە مافەکانی خۆی بێجگە لەوەش داوای مافی چارەی نووسی بۆ هەموو گەلانی ژێردەسەلاتی عوسمانی دەکرد. ئەم کۆمەڵەیە گۆڤارێکیان بەناوی (ژین) بلاۆکردۆتەوە کە زمانحاڵی کۆمەڵەکە بووە لە ڕێگەی ئەم گۆڤارەوە هەوڵیاندەدا ئاستی وشیاری تاکی کورد بەرز بکەنەوە بۆ ئەوەی بە ئاگابن لە گۆڕانکارییەکانی سەردەم و داوای مافی ڕەوای خۆیان بکەن لە دەوڵەتە داگیرکەرەکان.[19]

**5- کۆمەڵەی سەربەخۆی کورد:** ئەم کۆمەڵەیە لەساڵی 1918ز لە ئەستەمبوڵ لەلایەن (شێخ عبدالقادری شەمزینی) و کورانی بەدرخان پاشاوە دامەزراوە زۆربەی سەرۆك و میرە کوردەکان ئەندام بوون تێدا، لە پێناو سەربەخۆییو یەك بوونو یەك خستنی کوردستان خەباتیان دەکردو لقو یانەی لە شارەکانی کوردستانو دەرەوەی کوردستانیش دامەزراند، هەروەها چەندین رێکخراوی تریش وەك (رێکخراوی نەتەوەی کورد، کۆمەڵەی تشکیلاتی کۆمەلاّیەتی کورد، کۆمەڵەی ئیخلاسی کورد لە دەوڵەتی عوسمانی ، کۆمەڵەی تەعالی ژنانی کورد) گرنگترین ئامانجی ئەم کۆمەڵەو رێکخراوانە بریتی بوون لەفێرکردنو کردنەوەی قوتابخانە بۆ ژنان و دۆزینەوەی کار بۆ ژنان وئیش کردنی ژنان شان بەشانی پیاوان لە بوارەجیا جیاکانی ژیان ودامودەزگاکانی دەوڵەتدا.

### رۆژنامەگەری کوردی و گرفتەکانی تەکنەلۆجیای رۆژنامەگەری :

یەکێك لەماناو زاراوەی رۆژنامەوانی ، ئەو دەستەواژەیە یە کە پێی دەگوترێ دەروازەی تەکنەلۆژیای رۆژنامەگەری و مەبەست لێی سەرەەڵدانی مێژووی رۆژنامەگەرییە کەبەندە بە داهێنانی ئامێری چاپ [21] و هەر لەشۆڕشی سێیەمی هۆکارەکانی گەیاندنەوە کەپەیدابوونی ئامێری چاپە لەسەردەستی یوهان گۆتەنبێرگ لەسالی ١٤٥٠ وە کەدەکاتە

---

17 نەوشیروان مستەفا ئەمین ، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی رۆژنامەوانی کوردی ، سلێمانی ، چاپ و ئۆفیسی دەزگای سەردەم ، 2001 ، ل24.

18 مێژووی نوێ و هاوچەرخی پۆلی دوازدەهەمی ئامادەیی ویژەی، دانانی: نازەنین محەمەد وەهبی، عەتاعەبدوڵلا معروف، دارامحەمەد عەبدوڵلا ، چاپخانەی الستقبل-لوبنان، 2011، ل105.

19 سمکۆ جەباری، کۆی بەرهەمەکوردییەکانی(جەبار جەباری)ی شەهیدو نووسەر،چاپخانەی/ شفان، 2004، ل68.

20 فەرهاد پیربالٌ، چەندباسیك لەبارەی میژووی ڕۆژنامەنووسی کوردییەوە، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم-سلیمانی، 2007، 43-44.

ناوەراستی سەدەی پازدەیەم تا سەرهەڵدانی قۆناغی ئەلیکترۆنی بێگومان رۆژنامەگەری زۆر سوودی لە تەکنەلۆژیای چاپ وەرگرتووە بەسەرهەڵدانی رۆژنامەی ئەلیکترۆنییەوەش [21] .

ئەدی باری چاپی رۆژنامەگەری کوردی و گرفتەکانی چاپکردنی لەکوێن؟ سەرەتاکە چۆن بووە گرفتەکانی ئامێری چاپ و تەکنەلۆژیایەی رۆژنامەگەری چی بووە؟

لەباری چاپ و چاپخانەدا رۆژنامەگەری کوردی لە گەڵ لەدایك بوونی رۆژنامەی کوردستانەوە گرفتی هەرە گەورەی نەبوونی چاپخانەو ئامێری تەکنەلۆژیای رۆژنامەگەری تایبەت بەخۆی بووە، ئەگەر چی لەژمارە ٤ ی رۆژنامەی کوردستان لە لاپەرە ٤ دا ئاماژەیەی لەم جۆرەیە دەخوێنینەوە (لمصری مگبعا جریدەیا کوردستان گبع بیە) بەڵام ئەم ئاماژەیە هەر وەك ئاماژە ماوەتەوە و تا ئێستا نەسەلمێندراوە کەوا لەو سەردەمەدا چاپخانەیەك لەمسر هەبووبێ و ناوی چاپخانەی کوردستان بێ. هەر هۆکارێکیش هەبووبێ تا میقداد مدحت بەدرخان ئەم چاپخانەی لە میسر ناولێ بنێ کوردستان نابنە پاساو بۆ بوونی چاپخانەو ئامێری چاپ و تەکنەلۆژیای رۆژنامەگەری کوردی لەوسەردەمەدا، چونکە لە راستییەکەی دا تا ئەو ساتە گومان لەبوونی چاپخانە و تەلکنەلۆژیای رۆژنامەگەری کوردی دەکرێت لەوشێوەی کە باسکراوە .

چاپخانەو تەکنەلۆژیای رۆژنامەگەری کوردی راستەقینە بەهێنانی چاپخانەی حوسێن حوزی موکریانی دەست پێدەکات. هەر لە کڕینی چاپخانەکەی لە ئەلمانیاوە لەسەر ئەرکی خۆی و لەوێ لەگارگەکانی دروست کردنی چاپخانە بەدارشتنی پیتی کوردی و دانانی پیتەکانی ئەلفەبێی کوردی لە نێو دەفری چاپدا و هێنانی ئەو چاپخانەیە بۆ حەلەب و پاشان لە ساڵی ١٩١٦ بۆ رواندز و دوای چاپکردنی گۆڤاری زاری کرمانجی و ناونانی چاپخانەکەش بەهەمان ناو، لە پرۆسەی هەڵکۆڵینی پیتە کوردییە سواوەکان لە قەدی داربەروو لەلایەن خودی حوزنی یا داماوی موکریانەوە تەکنەلۆژیای رۆژنامەگەری گەر بەشێوەیەکی سەرەتایش بووبێ لەوێوە لەو مێژووە دەست پێدەکات.

هاملتۆن کاتێ لەرەواندز ئاشنای کارەکانی حوزنی دەبێ وا وەسفی دەکات: (سەید حوزنی ئەفەندی نووسەری گۆڤارێکی خۆجێی کوردی بوو، نووسین، چاپکردن و قەدکردنی گۆڤارەکەی هەمووی بەدەستی خۆی دەکرد، لەدونیادا تاکەو رۆژنامەنووسێکی ئاوا لەجیەاندانییە، تیپی چاپخانەکەی لەداربەڕووی بناری شاخەکان بەدەست دروست دەکرد ساف و لووسی دەکرد و پیت و نەخشەی پێویستی لەسەر هەڵدەکەند ، جامەرەکەبی دەخستە سەرپیت و چاپیانی دەکرد) [22]

## بەشی سێیەم: ڕۆژنامەگەری ئەلیکترۆنی لە جیهان و هەرێمی کوردستان

### یەکەم: ڕۆژنامەگەری ئەلیکترۆنی چەمك و سەرهەڵدان:

ئەم چەمکانە میدیای نوێ ، میدیای جیهانی، یا سیستەمی نوێی ڕاگەیاندن و ڕاگەیاندنی نوێی بەجیهانی بوون ئەم چەمکانەن لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا سەریان هەڵداو پێناسە باوەکەی ڕاگەیاندیان خستە نێوگۆڕانکارییەکی ناوەڵك نەگۆڕی میدیایی، نەگۆڕەکانیش بۆ ڕاگەیاندن هەر ئەو پێناسەیەن کەوا ڕاگەیاندن (خۆی لە بڵاوکردنەوەی زانیاری راست و دروست بۆ جەماوەر دەبینێتەوە )[23] لەم بارەیەوە گەر بمانەوێ پێناسەو ناسنامەی رۆژنامەگەری ئەلیکترۆنی وەك چەمکێکی بوارە زانستە مرۆییەکان بکەین، بۆ مان دەردەکەوێت کەوا پێناسەیەکی گشتگیرو یەکگرتوو بۆ ئەم تەرزە رۆژنامەیە نەکراوە. بۆ نەکراوە؟ ئایا لەبەر ئەوەیە تەمەنی کورتە بەبەراورد لەگەڵ رۆژنامەی کاغەزی، یا دیدو بۆچوونی توێژەران و پسپۆڕانی بوارەکە لەم بارەیە یەکگیرو دیارنییە و لەگەڵ پەرەسەندنەکان گۆڕانی بەسەردادێت

---

[21] تاریخ الاعلام العراقي، ط1، 2014 ، الاردن

[22] د کوردستان موکریانی، حسین حزنی مورکریانی، 2005.

[23] سادق حەمەغەریب، ڕۆژنامەگەری ئەلیکترۆنی، سلێمانی٢٠١٨ ، لا ٨٦.

چونکە (گوزارشت لە پێشکەوتنی تەکنەلۆجیاو پەرەسەندنە بەردەوامەکانی دەکات و پشت بە هۆکارە ئەلیکترۆنییەکان دەبەستێت لە پرۆسەی گەیاندنی هەواڵ و زانیاری بەجەماوەر و وەرگری خۆی )[ئەمیر]

ڕۆژنامەگەری ئەلیکترۆنی بە دەستەواژەی ElectronicNewsPaper ئاماژەیەکی راستەوخۆ دەبەخشێتە ئەوەی کە رۆژنامەی کاغەزیی یەو لەسەر رووپەری ئەنتەرنێت بڵاودەبێتەوە .[لهر] هەر ئەم دەستەواژەیەش ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی کوردی سەرهەڵدان و پێشکەوتن :

بەگوێرەی سەرچاوە زانستییەکان مێژووی سەرهەڵدانی ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی کوردی بۆ نەوەتەکانی سەدەی پێشوو دەگەرێتەوە "١٠" یەکەمین ڕۆژنامە لەم بوارەدا پێشەنگییەکەی بەناوی ڕۆژنامەی (کوردستان نێت – KURISTANNET) تۆمارکراوە ، ئەم ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییە یەکەمین ژمارەی لە ڕۆژی 13-8-1999 بڵاوبۆتەوە، کەڕۆژانەیەکی ئەلیکترۆنی کوردی سەربەخۆ بووە . سەرنووسەر و بەرپرسی عومەر فارس بووە .

لەسەر ئەم مێژوو رێککەوتە دەوەستین و ئەم چەند لایەنە دەکەینە بابەتی توێژینەوەکە:

لایەنی تەکنەلۆژیای ڕۆژنامەوانی:

لەسەردەمی جیهانگیری و کرانەوەی ئاسمان بەڕووی زەوی و بەتایبەتیش زەوی دەوڵەتە ژێر دەستەکان و قەتیسماوەکانی نێو بازنە داخراوەکەی جوگرافیای دەوروبەر، کوردستان بەنموونە و هەرێمی کوردستانی عێراق نمونەی توێژنەوەکەیە کە (کوردستان نێت – KURDSTIAN NET) یەکەمین رۆژنامەی بواری ئەلیکترۆنی کوردییە دەگەینە ئەو راستییەی کەوا جەنگی یەکەمی کەنداو بۆ ناوچەکە کرانەوەی بەڕووی ئاسماندا هێنا، بەجۆرێك گەلی کورد سوودمەندی یەکەم بێت، لە چاو گەلانی ناوچەکەدا ئەوەشیان لە بەر دوو هۆکار:

1-داگیرکراویی سەرزەوی، فەراهەمکردنی ئاسمانی بۆ گوزاشتکردن لە بیرورای ئازاددا هێناکایەوە. ئەم فەراهەمکردنی ئاسمانەی بەهەر نرخێك بووبێ بۆگەیاندنی مەرامەکان هێنادی.

2- لەکاتێکدا شرۆڤەی مێژوو بۆ میدیا ئەو لایەنەدەگرێتەوە کەوا سەیری هەر پێشکەوتنێکی کۆمەڵایەتی دەکەیت، ئەم پێشکەوتنە لە چەند لایەنەوە بەندە بە پێشکەوتنی بابەتی میدیا و هۆیەکانی گەیاند و ئامادەگی وەرگر .

لەم بارەدا گەر ناوچەکە لەبەر باری سیاسیی ناوخۆ ئەو ئامادەگییەی تێدانەبووبێ لە دوای شەری یەکەمی کەنداودا وەرگرێکی چاپووکی سەردەمی دجیتەڵی بێت و سانسۆری سیستەمەسیاسییەکان رێگری کارابن، ئەوا گەلی کوردستان بەگشتی و گەلی کوردی جەربەزەی دەستی حوکمی تاك ڕەوی و دیکتاتۆری بەتایبەتی لە قۆناغی کرانەوە و پێشکەوتنی باری کۆمەلایەتی خۆیدا ئامادەگییەکی تەواوی بەڕووی ئەم تەکنەلۆژیا ئەلیکترۆنییە هەبوو، لەکاتێکیش دا سیستەمی حوکمرانی کوردستانیش لەدوای دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا.

### دووەم: چەمك وپێناسەی ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی

1- ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی : غەیرەوەقیە کە بڵاو ئەکرێتەوە لەسەر تۆڕی ئنتەرنێت ، خوێنەر ی ئەکێشێتە سەر شاشە و بە ناویا ئەگەڕێ، جگە لە سەیڤ کردن و چاپکردنی ئەو بابەتانەی کە ئەیخوازێ (زید منیر سلیمان 2009، ص 94) ڕۆژنامە ئەلکترۆنیەکان :ئەو ڕۆژنامانەن کە ئینتەرنێت وەکو کەناڵێك بەکاردێنن بۆ بڵاوکردنەوەی وشە و دەنگ و ڕەنگ بەشێوەیەکی زیندوو ،هەروەها هەواڵ وزانیاریەکان.[یر]

24 عەبدولخالق ئیبراهیم - ئەرسەلان رەحمان ، کارامەییەکانی نووسین لەرۆژنامەگەری چاپکراو و ئەلیکترۆنیدا، هەولێر چاپخانەی حاجی هاشم ل ٢٦٥.

25 د.ماهر عودة الشمايلة د.محمود عزت اللحام، د.مصطفي يوسف كافي الصحافة الاكترونية الرقمية .. ص ٦٩دار الاعصار .عمان- الاردن الطبعة الاولي 2015

26 صاق حمة غريب صالح، الصحافة الالكترونية الكردية، دراسة مسحية للصحف الالكترونية الكردية ( کلاوڕۆژنە، دەنگەکان، کوردستان نت) ، رساله ماجستر غير منشوره، 2008، ل 165)

2- ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی :بڵاوکراوەیە لە فۆڕمێکی ئەلکترۆنیدا دخرێتە ڕوو واتا بە شێوەی پەڕە لەسەر شاشەی کۆمپیوتەر بە دیار دەکەوێت بەکارهێنەر بە کلیك کردن لەسەر (لینك )ە کان دەگاتە ناوەڕۆکی داتاو زانیاریەکان .

3- ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی: ئەو ڕۆژنامەیەیە کە لە فۆڕمێکی ئەلکترۆنیدا دەردەچێت و پەیوەستە بە چاپ و کاغەز و ترێس نیە واتە تیراژی نیە .

4- ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی:بڵاوکراوەیەکی سەر دەمیانەیە لە جیاتی سویرکردنی لاپەڕەی کاغەز ، لینکەکانی دەکەیتەوە وپەیجەکانی لەسەر شاشەی کۆمپیوتەر دەخوێنێتەوە .

هەندێك ئەڵێن ڕۆژنامەی چاپکراو پێگەیەکی گرنگی داگیر کردبوو لەسەر پرۆسەی پەیوەندی بە درێژایی سێ سەدەی ڕابردوو ، تەنیا ڕێگە بوو بۆ گەیاندنی زانیاری بۆ جەماوەر هەر بۆیە ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لە ژیانی میللەتاندا ، لەو وڵاتانەی ( باکووردا) ئەم ڕۆژنامەیە جێگەی سەرنجی کۆمەڵدا بوو، بو هۆی ئەو ڕۆڵەی کە ئەیگێڕا لە گەشەکردنی کۆمەڵگەدا ، دارشتنی برگە سەرکێشەکانی ژیانی سیاسی و ئابووری کۆمەڵایەتیدا وە ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو لە پرۆسەی دیموکراتی لە کۆمەڵگەکەیاندا لەبەر ئەوەی هەموو زانیاریەکی پێویست ئەبەخشێت بە تاکەکانی بۆ هەڵسان بە ڕۆڵی خۆیان و بەژداری کردنیان لە ژیانی سیاسیدا ، لە وڵاتانی (باشووردا) ڕۆژنامەی چاپکراوە ر ۆڵێکی گرنگی هەبوو لە خەباتدا ڕووبەڕووبونەوە دژ بە داگیرکەران ، یەکێك بوو لە گرنگترین کەرەستەکانی کە بەکار دەهات لە لایەن بزووتنەوەکانی ڕزگاری خوازی میللەتەکان .

لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك پێیان وایە کە چەمکی ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی دیاریکردنی سنوور و شێوازی کارکردنی بە تەواوەتی ڕوون نەبۆتەوە بە هۆی ئەوەی کە ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی نوێیەو سەربەناوەندی ( information) ئێمە دەتوانین بڵێین بیرۆکەی بنەڕەتی ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی لە وەرگرتنی مادەی ڕۆژنامەوانی و وێنەکانی لەسەر شاشەی کۆمپیوتەردا خۆی دەبینێتەوە تا دواتر ئامادە بکرێت و دربهێنرێت بۆ ئەوەی دەرهێنەرانی تۆڕی ئینتەرنێت لەسەر شاشەی کۆمپیوتەرەکانیان وەری بگرن.[27]

ژمارەیەکی دیاریکراو لە لێکۆڵەرەوان هوڵیان داوە چەمکێکی دیاریکراو بۆ ڕۆژنامەگەری ئەلکتروچنی دابنێن وە گەیشتە ئەو دەرئەنجامەی کە دەڵێن :

1- ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی ئەوەیە کە بڵاو ئەکرێتەوە لە میانەی ئەو هۆکار و کەناڵە ئەلکترۆنیانەی بە شێوەی بازنەی کار دەکەن وەکو کراوەیەکە لو نێوان چەمك و سیستەمی فایلە چاپکراوەکان ،وە ئەو ڕووداوانەی لەو چواچێوەیەدا ڕوو دەدەن و بڵاوە کردنەوە یان لە ڕێگەی ئامێری کۆمپیوتەر لەسەر ئینتەرنێت.

2- ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی : یەکێکە لە باشترین سیماکانی شۆڕشی پەیوەندی و زانیاری لە دوو سەدەی ڕابردووی ژیانی مرۆڤایەتیدا ، وە نوێنەرایەتی ئەو ڕووداوە تەکنەلۆژیا بەرهەم هێنراوانە دەکات کە لە ڕابردوودا هەبووە وە پێك هاتەیەك سەر بە خۆ پێك دەهێنێ و سنوورێکی تەکنەلۆژی ئاشکرای بۆ دادەنێت .

3- ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی: بڵاوکراوەیەکی ئەلکترۆنی ڕووداوە هونووکەییەکانە ئیتر بابەتە گشتییەکان بێت یان تایبەتییەکان، لە ڕێگەی کۆمپیوتەر و بە هۆی تۆڕی ئینتەرنێتەوە بەرهەم دەهێنرێ ، هەندێ کاتیش ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی پەیوەستە بە ڕۆژنامە کاغەزیە چاپکراوەکانەوە.

بە بۆچوونی توێژەر ئەم پێناسەیەی سەرەوە باشترین پێناسەیە چونکە باسی ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی کردووە بە شێوەکەی زۆر مەنتیقیانە وە چوارچێوەیەکی گشتی بە بابەتەکە بەخشیوە و هوڵی داوە بە ڕوون کردنەوەی ئەو بابەتەو ئامێرانەی کە بەژدارن لە پێشکەوتنی ڕۆژنامەگەری بە مانا فراوانەکەی .

---

[27] صاق حمة غريب صالح، الصحافة الالكترونية الكردية، دراسة مسحية للصحف الالكترونية الكردية ( کلاوڕۆژنە، دەنگەکان، کوردستان نت) ، رساله ماجستر غير منشوره، 2008، ل 27)

**سێیەم: سەرهەڵدان و گەشەکردنی  ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی**

ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی دەکەوت وپێشکەوت کە بەرهەمی تۆڕی ئینتەرنێتی جیهانی یە ،هەروەها دەرئەنجامی تێکەڵاوبوونی شۆڕشی تەکنەلۆژیای پەیوەندی و شۆڕشی تەکنەلۆژیای کۆمپیوتەریە کە بە تەکنیکی ژمارەکان ناسراوە

سەرەتای ئەم کارە دەگەرێتەوە بۆهاتنە کایەی شۆڕشی پەیوەندی و زانیاری کە لەمەوە پاڵی کێشا بەسەر ڕۆژنامەی چاپکراو کە بەشێك بوو لە هۆکارەکانەی ڕاگەیاندنی تەقلیدی (ڕادیو –ڕۆژنامە-تەلەفزیۆن).

لەگەڵ ژیان و ڕووداوەکان چەند ڕکابەرێك  بۆ ڕۆژنامەی چاپکراو پەیدا بوون ، ڕۆژنامەگەریش  لەلایەن خۆیەوە چەند چارەسەریچکی دۆزیەوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم ڕکابەرانە ، لەگەڵ دەرکەوتنی تۆڕی ئینتەرنێت  ڕۆژنامەی چاپکراویش هەنگتوی خێرا ئەنێت بەرەو چاپکراوی ئەلکترۆنی ئەم گۆڕانکاری و گەشە کردنە ئەلکترۆنیە لە دەرهێنانی ڕۆژنامەدا شۆڕشێکی گەورە بوو ،بە واتای ئەوەی بگۆڕێ لە حاڵتێکەوە بۆ حاڵەتێکی تر ، ڕۆژنامەش ئەم واتایە دەگەیەنێ ، لەم ساتەدا ،ڕۆژنامە لە بەرهەمێکی چاپکراو گۆڕا بۆ بەرهەمێك کە وەر ئەگیرێت و ئەبینرێت لەسەر شاشەکانەوە ، کەوا باو بوو   ڕۆژنامە گەری بەش بکرێ بۆ ئەلکترۆنی (ئێزگەو تەلەفزیۆن ) و چاپکراو ( ڕۆژنامە و گۆڤار ) لە ئێستادا هەموو رێگاکانی پەیوەندی دا ئەنرێ لە یەك چوارچێوەی تەکنەلۆژیدا ئەویش ڕێگەی ئەلکترۆنیە.

ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی لە ناوەڕاستی ساڵی 1970 دامەزرا لە بەکاهێنانی تەکنیکی تیلیتکس و ڤیدیۆ تێکست لە دوو دامەزراوەی ڕاگەیاندنی بەریتانی کە لە بواری تۆڕی گواستنەوەی دەقەکان دا ئەزموونێکی کاریگەری هەبوو.

هەندیچکی تر دەڵێن  ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی لەنا وەڕاستی نەوەتەکاندا دامەزراو بووە دیاردەیەکی ڕاگەیاندنی نوێ کە پەیوەستە بە شۆڕشی  تەکنەلۆژیای زانیاری و پەیوەندیەکانەوە، بەمەش ڕاگەیاندن وای لێهات ببێتە موڵکی هەمووان و لەبەر دەستی هەمووان دا بێت .

زیاتر بڵاو ببێتەوە و خێرا تر بێت لە گەیشتن بە زۆرترین ژمارەی خوێنەران وبە کەمترین تێچوون ، بۆیە ڕۆژنامەگەری ئەلکتروچنی ئاسۆی زۆر واڵا کردەوە و بۆتە ئاسانترین هۆکاری ڕاگەیاندن لەبەر دەستی هاوڵاتیاندا.

سەبارەت بە ڕوجۆنامە کوردیەکانیش لە ساڵی(2000) دا یەکەم وێنەی ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی کە لە سەر تۆڕەکانی ئینتەرنێت بلچاو کرایەوە و وێنەی ڕۆژنامەی ڕۆژانەی (کوردستانی نوێ) بوو ، دواتر هەفتەنامەی (الاتحاد)وە ئەم ڕۆژنامەیەش پشت بە تەکنیك دەبەستن بۆ پاراستنی وێنەی ڕۆژنامەکان لە دەستی لێکدەران بە تەکنیکی  PDFو تەکنیکی دەقەکان .

ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی لەگەڵ ئەوەشدا کە تەمەنی کورت بوو بوڵام لە زەمەنێکی کەمدا ئەوەی بە دەست هێناوە ، لە کاتێکدا ڕۆژنامەی چاپکراو بە  (10 ) ساڵ بە دەست هێناوە .

زوجربەی توێژەرەکان وایان داناوە کە ڕۆژنامەی کاغەزی بەرەو دا ڕووخان ئەچێت .(فیلیپ میلەر) یش  لەو باوەڕەدایە کە ساڵی (2040) دوایین خوێنەری ڕۆژنامەی کاغەزی  بەرەو ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی ئەڕوات.

**چوارەم : خەسڵەتەکانی  ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی**

**خەسڵەتە ئیجابیەکان (پۆزیتیڤەکان)**

**ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی پەیوەستە بە کۆمەڵێ خەسڵەتی ئیجابی بەم شێوەیە ی خوارەوە :**

1- خێرای گەیشتنی زانیاری بۆ زۆرترین توێژی جەماوەر لەسەر ئاستی لۆکاڵی و نێودەوڵەتیدا ، بە خێراترین کات و کەمترین تێچوو

2- خێرایی وەڵامدانەوەی خوێنەر و ئاسانی گفتو گۆ کردنی نێوان نووسەر و خوێنەر لەسەر بابەت و هەواڵەکان.

3- خێرایی نوێکردنەوەو ڕاستکردنەوەی هەواڵی ئەلکترۆنی .

4- بوونی ڕووبەرێکی فراوان لە ڕۆژنامەی ئەلکترۆنیدا کە ڕێگا بە سەرجەم تاکەکان لو توێژەر و چینە کۆمەڵایەتیە جیاوازەکان ئەدات بۆ بەشداری کردن ، نەك تەنها بۆ نووسەرە  بە ناوبانگەکان و داهێنران بێت

5- ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی توانی سنوورە جوگرافیە لۆکاڵی و نێودەوڵەتی و یاسای و سانسۆریەکان  تێپەڕبێت.

6- ڕۆژنامەی ئەلكترۆنی كات و توانا و دارایی زۆری ناوێت .

7- توانای هەبوونی( availability) ڕۆژنامەی ئەلكترۆنی توانای هەبوونی لە هەموو كات و شوێن لوسەر هەر بابەت لە هەر ولاَتێك وەكەی خوێنەر ئامادە بێت بوونی هەیە .

8- ڕۆژنامەی ئەلكترۆنی توانای دروستكردنی كۆمەلگایەكی هاوشێوە لەسەر ئاستی لۆكلی ونێودەولەتی ڕۆژنامەیی هەیە لەسەر بابەتێك، نموونە، (یانەی بەرگری كردن لە مافەكانی ڕۆژنامەوانی لە جیهاندا).

9- ڕۆژنامەی ئەلكترۆنی توانای ڕاپرسی گەورەی هەیە لەسەر كێشەكان و ڕووبەرێكی فراوانی داوەتە خوێنەر لە دەربڕینی ڕاو بوچوونەكانی و شكاندنی بەربەستەكانی ترسی سانسۆر .

10- ڕۆژنامەی ئەلكترۆنی ئەرشیف و بنكەیەكی فراوانی زانیاریە بۆ ڕۆژنامەوانی لە هەموو كاتێكدا.

11- بوونی ڕەخنەو كۆمێنت لەسەر هەواڵی ئەلكترۆنی ،دەبێتە هۆی زیادبوونی ئاستی بەشداری تاكەكان لە دروستكردنی بڕیار دا .

12- دامەزراوەكانی ڕۆژنامەی ئەلكترۆنی پێویستی بە بارەگایەكی جێگیر نیە كە كادر و كارمەندی تێدا بێت.

13- كات و شوێن دوو ڕەگەزن لە ڕۆژنامەی ئەلكترۆنیدا زۆر كەم وبچووك بۆتەوە .

14-بۆ سەكۆ شوێنی ئازادە كە دوو لایەن باس و لێدوانی تێدا دەكەن.

خەسلەتە سلبیەكان (نێگەتێڤەكان)

ڕۆژنامەی ئەلكترۆنی پەیوەستە بە چەند خەسلەتێكی نێگەتیف بەم شێوەیەی خوارەوە :

1- بوونی خێرایی لە ڕۆژنامەی ئەلكترۆنیدا زۆر جار شمشێرێكی دوو سەرە یە و هوندێ جار ئەو دەزگایە تووشی هەڵەو زیان ئەكات.

2- تاكە وێنە ژێر سانسۆر .

3- دلنیا نەبوون لە ڕاستی و دروستی زانیاریەكان .

تێپەڕاندنی هەندێك بەهای كۆمەلایەتی و زۆربوونی توانای تەزویر

نەبوونی هەندێك توانای تەكنیكی لە ولاَتە تازە پێگەشتوەكان .

كاریگەری سلبی كردووتە سەر ژیانی خێزان و كۆمەلگا .

دامەزراوەكانی ڕۆژنامەی ئەلكترۆنی بۆتە هۆی بێكار ی بە هۆی كەمبوونەوە ی توانای مرۆیی لە دەزگا چاپەمەنیە كلاسیكیەكاندا.[28]

**پێنجەم: جۆرەكانی ڕۆژنامەی ئەلكترۆنی :**

ڕۆژنامەی ئەلكترۆنی تەواو: لە بنەمادا چاپكراو نیە ، بەلكو لەسەر تۆڕەكانی ئینتەرنێت هەیە كە ئەمەش نمونەی زۆرە ،لە ڕۆژنامەكانی ئەوروپا و ڕۆژنامە عەرەبیەكانیشدا هەیە ،لە ئێستاشدا دەركردنی ڕۆژنامەی ئەلكترۆنی پێویستی بە توانایەكی ڕۆر نیە، بۆنمونە ڕۆژنامە نووس بەیەكەوە ڕۆژنامەیەكیان بە زمانەكانی (فرنسی و ئینگلیزی) دەركرد كە ناوی (المجیریا ) بوو ،كە ئامانج لێی ڕووبەڕوونەوەی چاودێری و ڕووخساندنی گەشێكی ئازاد بوو لەسەر ئینتەرنێت ، كە پێویستی بە پارەیەكی زۆری نووسینەكەش نیە ،واتا تەنها پێویستی بە دروستكردنی ماڵپەڕێكە لەسەر ئینتەرنێت وەك : WWW.ALGERIA.INTERFACE.COM

هەروەها نمونەش لە ڕۆژنامەی میسریدا هەیە كە ئەویش ڕۆژنامەی (الشعب) ە كە لەلایەن پارتی گەلەوە دەردەكرا ،دواتر لەلایەن حكومەتەوە لە ساڵی (2000)دا بە شێوەی چاپ ڕێی لێ گیرا ، بەلاَم دواتر بە شێوەی ئەلكترۆنی دەركرا ڕزامەندی حكومەت كە ناونیشانەكەی بریتیە لە : WWW.ALSHAFA.COM

ئەم جۆرە ڕۆژنامەیە سەرجەم ڕۆژنامەی كاغەزیە كە ناو دەبرێ بە (ڕۆژنامەی دایك) ناوی بنچینەی خۆی هەلگرتوە ، وە بە مانە دەناسرێتەوە:

[28] فوئاد علی احمد، ڕۆلی كەناڵەكانی ڕاگەیاندن لەكاراكردنی بەشداری سیاسی لە هەرێمی كوردستانی عێراقدا، نامەی دكتۆرا 2011، ل 72.

1- پێشکەشکردنی هەمان ناوەڕۆکی ڕۆژنامەی کاغەزیە لە هواڵ و ڕاپۆرت و توێژینەوە و وێنە

2- پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریەکانی وەك گەڕان و پێکەوەلکانی لەگەڵ پێگەی تر و خزمەتگوزاری فیدباك و گەیشتن بە ئەرشیف کە ڕۆژنامەی کاغەزی ناتوانێت پێشکەشی بکات .

3- پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری مەڵتیمیدیای دەق و دەنگ و وێنە .[29]

**شەشەم: پێگەکانی هەواڵ لە ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی کوردیدا :-**

ئەم جۆرە بەیەکێك لە جۆرەکانی ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی دادەنرێت کە گرنگی بەبلاوکردنەوەی هەواڵ دەدات ئەم پێگانە ئەو توانایە دەبەخشن بەبەکارهێنەرانو خوێنەرانیان کە بگەنە ڕووبەرێکی فراوانی هەواڵ و پەخشکردن کەئەم جۆرە هەواڵانە لەلایەن ڕۆژنامەی چاپکراوەوە فەرامۆش کراون یاخود سانسۆریان لەسەرە یان لەگەڵ سیاسەتی ڕۆژنامەی چاپکراودا ناگونجێ :نموونە:-

**یەکەم :**

ئاژانسی هەواڵی پەیامنێر : بەگرنگترین پێگەی هەواڵ دادەنرێت کەبابەتەکانی خۆی بەزمانی کوردی و تورکی و عەرەبی و ئینگلیزی پەخش دەکات وە سەرنوسەرەکەی (میکایل ئیبراهیم) بووە ئەم پێگەیە لە پایتەختی هەرێمی کوردستان دەردەچێت وە هەوڵدەدات بەشێوەیەکی خێرا هەواڵ بگوازێتەوە بۆچوون و ڕاکان بۆ کوردستان بگوازیتەوە وە ئەرکی خۆی بەوپەڕی ئەمانەتەوە جێبەجێدەکات .لەلاپەڕەی یەکەمی ئەم پێگەیەدا بە ناونیشانی (ئێمە کێین) بەم شێوەیە پێناسەی ئەم پێگەیە کراوە :

1- ئەم پێگەیە پەیوەستە بەبنەماکانی کاری ڕۆژنامەوانی و بیروبۆچوونی جیاواز لەگواستنەوە و گەیاندنی هەواڵ وبۆچوونەکان .

2- ڕێز لەفرە چەشنی بیرو بۆچوون و نەتەوەی کوردستان دەگرێت وە ڕۆشنبیری و کەلەپوری کوردستان بۆ جیهان .

3- ئەم پێگە هەوڵدەدات بۆ ڕاستیەکان لەبارەی نەتەوە دراوسێکانی ترەوە کەسێ دراوسێی کوردستانن بگەیەنێتە خەڵکی کوردستان ، کەنەتەوە خاوەن ڕۆشنبیریە گەورەکان دەگرێتەوە (عەرەب تورك –فارس) بەگوزارشت کردن لەخەڵکی کوردستان هەوڵدەدات خوێنەرانی زمانی بەچ شێوەیە ڕاستە و بارودۆخی کوردستان پیشان دەدات .

4- ئەم پێگەیە هەوڵدەدات پەیوەندی لەگەڵ خوێنەرانی کورد بەهەردوو زاراوەی کرمانجی سۆرانی بدات و نەشاردنەوەی ڕاستیەکان لێیان .

5- ئەو بەشێك بێت لەوەی کە گرنگی بەهەر چوار پارچەکەی کوردستان بدات .

6-پانتایی فراواوان بۆ گۆڕینەوەی بیرو بۆچوونی لەسەرجەم بوارەکانی ژیاندا بەدی دێت .

7-دەبێت گەیەنەرێکی ڕاستگۆبین لەگەیاندنی بیروبۆچوونەکان بەمەرجێك ناکۆك نەبێت لەگەڵ بەرژەوەندی باڵای نیشتیمانی و بنەمای دیموکراتی و مافی مرۆڤ.

8-هەوڵدەدات بەڕووی ئەو شەپۆلەدا بوەستێت کەهەوڵی شیواندنی ڕاستیەکانی میللەتی کورد دەدات .

**دووەم :**

کوردستان ڕۆماڵکردنی هەواڵ و ڕووداو بەدواداچوون و بۆچوونەکان وە کار دەکات لە پێناو دۆزینەوەی گەڕان بە دوای ڕاستیەکان لە هەواڵو ڕووداوەکان وە پێشکەشکردنی زۆرترین زانیاری بە خوێنەرەکانی سەرنوسەرەکەشی (هێمن ساڵح )ە دەستەی نوسەرانیش پێکهاتوون لە (هێمن عومەر-سامان فاروق) پێگەیەکی لەسەر ئینتەرنێت هەیە بەناونیشانی ((www.kurdistanonline.net)

بابەتەکانی خۆی بە زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی بلاو دەکاتەوە وە دروشمەکەشی (بۆئەوەی خێرابیت لە دەسکەوتنی هەواڵ هەمیشە سەیری کوردستان ئۆن لاین بکە) ئەرشیفی خۆی هەیە هەروەك چۆن لەلاپەڕەی سەرەکی

[29] فوئاد علی احمد، رۆڵی کەناڵەکانی راگەیاندن لەکاراکردنی بەشداری سیاسی لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا، نامەی دکتۆرا 2011، ل 26.

کوردیدا هەواڵە کوردستانی و عێراقی و جیهانیەکان دەخاتە ڕوو ئەمە جگەلەوەی هەواڵی کۆمەڵایەتی و وەرزشی و هونەریەکان وە چەند وتاری جۆراوجۆر بلاّودەکاتەوە .

**سێیەم:**

کوردستان فۆڕ نیوز: پێگەیەکی سیاسی و ڕۆشنبیری سەربەخۆیە لە پایتەختی هەرێمی کوردستان بلاّودەبێتەوە سەرنوسەرەکەی ڕێبین ئازاد تۆفیقە بەڕێوەبەرەکەشی باوکی ئەلەندە و چوارکادری هونەری ڕۆژنامەنوسی هەیە پەیامنێری هەیە لەناوچەکانی سلێمانی و هەولێر و دهۆك و کەرکوك زاخۆ سۆران شارەزوور گەرمیان بابەتەکانی خۆی تەنها بەزمانی کوردی بلاّودەکاتەوە لە ئێستادا گرنگترین ئەوبابەتانەی لە لاپەڕەی سەرەکی پێگەکەدا بلاّودەکاتەوە هەواڵە کوردستانی و جیهانیەکانە و چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەوانی و بەدواداچوونەکانی ڕۆژنامەوانی و سەردێڕەکانی پێگەی کەناڵ و ڕادیۆکان 167جێگەی هەواڵی کوردیو تۆڕی 91 ڕۆژانە و گۆڤار وەکوردییەکان ئەوانەی لەسەرتۆڕی ئینتەرنێت هەن بۆ یەکەمجار لە 1-1-2006دەستی بەپەخش کرد. [30]

**بەشی دووەم:**

ئەو ڕۆژنامە ئەلیکترۆنیانەی کەبەشێوەی وەرەقی لەسەر شاشەکان بلاّونابێتەوە بەڵکو لەسەر تۆڕی جاڵجاڵۆکەیی لە ڕێگای تاکەکەسیەوە بلاّو دەکرێنەوە هەواڵەکان پەخش دەکات و لەگەڵ هەموو هونەرەکانی تری ڕۆژنامەوانی تەکنەلۆژیای زانیاری لەدەرهێنان و دیزاین بەکاردەهێنرێت مەبەست لە تەکنەلۆژیای ڕاگەیاندنە .

4- کوردستان نیوز :ڕۆژنامەیەکی کوردی ئەلیکترۆنی ڕۆژانەیە کەسەربەخۆیە بەیەکێك لە گرنگترین سەرچاوەکانی هەواڵ و زانیاری دەدەنرێت لە هەرێمی کوردستان، دروشمەکانی (بەڕاستگۆیی لەگەڵ ڕووداوەکان) ، سەرنوسەرەکەی سۆران عومەر گرنگی دەدات بەڕیکلام وەك سەرچاوەی دارایی بۆ ڕۆژنامەکە وە ڕیکلامەکانی بەشێوازی جۆراوجۆر بلاّودەکاتەوە وەك ڕیکلامکردن بۆ وتنەوە و نوسین هەندیجاریش بەدەنگ ، وە چەندخزمەتگوزارەیەکیش پەخش دەکات وەك (ڕای خۆت بدە )لە بارەی چەندبابەتی هەڵبژێردراو کەلەلایەن سەرپەرشتیاری ڕۆژنامەکەوە هەڵبژێردراوە وە خستنە ڕووی دەرەنجام ، وەهەروەها توانای ئەوەشی هەیە کە وتنەوە لەگەڵ هەواڵەکان بەکاربهێنێت بەڵکو لەگەڵ بابەت و هونەر ڕۆژنامەوانیەت کراوە بە زۆری چاپکراوەکەش بەهەمان ناوەڕۆکی ئەلیکترۆنیەکەوە دەردەچێت لەگەڵ چەندگۆڕانکارەیەکی لاوەکی لە دیزاین و شێوازی دەرکردنی دا بۆ یەکەمجار لە 24-7-2006 لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت لە سلێمانی پەخشکرا . وە 15 پەیامنێری هەیە لە کوردستانی عێراق وە ناونیشانی تۆڕەکەی

لەسەر ئینتەرنێت بەم شێوەیە. www.knewsdailly.org

[30] فوئاد علی احمد، رۆڵی کەناڵەکانی راگەیاندن لەکاراکردنی بەشداری سیاسی لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا، نامەی دکتۆرا 2011، ل 56.

**ئەنجام:**

**توێژەر لەکاتی ئەنجاکدانی توێژینەوەکەدا، کە توێژینەوەیەکی مێژوویی و وسفییە، بەم ئەنجامانەی خوارەوە گەیشتووە.**

1- **بەدرەنگەوە رۆژنامەگەری چاپکراوی کوردی، ئاشنایی تەکنەلۆیایی رۆژنامەگەری بووە. واتە بەدرەنگەوە ئامێری چاپ گەیشتۆتە کوردستان و دامەزراوە، بەلام دامەزراتدێکی هونەری زمانەوانی رێك و دورست، بەلام لەرووی دارایی و هەژار و کەمدەرامەت و لەبولری سیاسیش لە ژێر سانسۆردا.**

2- **رۆژنامەگەری ئەلیکترۆنی زووتر لەچاو سەرهەڵدانی لە ئەمریکاوە نەتەوەکانی سەدەی پێشووە گەیشتۆتە کوردستان و کە نێوانیان (5-10) ساڵ تێپەر ناکات و لەسەردەمی ئازادی و ئیدارەی حکومەتی کوردستاندا بەپتەوی پێگەی خۆی و ماڵپەری خۆی دامەزراندووە.**

3- **لەو ململانێیەی کەلەنێوان هەردوو جۆرە رۆژنامەکەدان لە پێناو گەیاندنی پەیامی رۆژنامەوانی و زووتر گەیشتنە بە وەرگر، نەك ململانێیەك بۆ یەکتر رەشکردنەوەی یابوون بە جێگرەوەی یەکتری.**

## پێشنیار و راسپاردە:

1- **توێژینەوەکە پێشنیاری ئەوە لەخۆ دەگرێ کە هەردوو جۆری رۆژنامەکە بایەخی زیاتریان لەبواری تەکنەکلۆژیای چاپ پێ بدرێت، وەك گرنگی دانی زیاتر بەلایەنی چاپخانە و هێنانی چاپخانەی مۆدرێنی سەردەمی ئەلیکترۆنی نەك هەر چاپی دوو رەنگی و چوار رەنگی ، بایەخی زیاتریش بەبواری ئەلیکترۆنی و سەردەمی دیجیتەڵ و هەموو ئەو پرۆسە میدیایانە بدرێ کەلە رێگای مانگی دەستکردەوە دەگەنە وەرگر.**

2- **یاسای کاری رۆژنامەوانی لە کوردستان و سەندیکای رۆژنامەنوسانی کوردستان چ لە رووی یاساوە، چ لەرووی پێشەکەیەوە سەردەمیانە باوەشی بۆ رۆژنامەگەری ئەلیکترۆنی بکاتەوە و مافی هەموو لایەنێکی تێدا پارێزراو بێت.**

## سەرچاوەكان:


### سەچاوە كوردییەكان:

1. بەهادین ئەحمەد، سەرەتایەك بۆ میژووی ڕاگەیاندنی كوردی، چاپخانەی چوار چرا- سلیمانی، 2010.
2. صادق حەمەغەریب، ڕۆژنامەگەری ئەلیكترۆنی، سلێمانی ٢٠١٨ .
3. سمكۆ جەباری، كۆی بەرهەمەكوردییەكانی(جەبار جەباری)ی شەهیدو نووسەر،چاپخانەی/ شڤان، 2004.
4. شەماڵ و بەرهەم، گۆڤاری (22نیسان)، ژمارە 1ی 22نیسانی 2010.
5. شوان ئادەم ئەیڤەس ، ئیتێك لە رۆژنامەوانی كوردیدا رۆژنامەی هاولاتی (2000-2002 ) وەك نمونە ، سلێمانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، 2006.
6. عەبدلجبار محەمەد جەباری ، مێژووی رۆژنامەگەری كوردی ، سلێمانی چاپخانەی ژین ، 1970،ل2
7. عەبدولخالق ئیبراهیم - ئەرسەلان رەحمان ، كارامەییەكانی نووسین لەرۆژنامەگەری چاپكراو و ئەلیكترۆنیدا ، هەولێر چاپخانەی حاجی هاشم .
8. فەرهاد پیرباڵ، چەندباسیك لەبارەی میژووی ڕۆژنامەنووسی كوردییەوە، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم-سلیمانی، 2007.
9. كەمال مەزهەر، چەند لاپەرەیەك لە میژووی گەلی كورد، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- هەولێر، 2001.
10. كمال فوأد . یەكەمین ڕۆژنامە گەری كوردی .2000.
11. كوردستان موكریانی، حسین حزنی موركریانی، 2005.
12. مێژووی نوێ و هاوچەرخی پۆلی دوازدەهەمی ئامادەیی ویژەی، دانانی: نازەنین محەمەد وەهبی، عەتاعەبدوڵڵا معروف، دارامحەمەد عەبد وڵڵا ، چاپخانەی الستقبل-لوبنان، 2011.
13. نەوشیروان مستەفا ئەمین ، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی رۆژنامەوانی كوردی ، سلێمانی ، چاپ و ئۆفیسی دەزگای سەردەم ، 2001
14. هێرش ڕەسوڵ ، رۆژنامەی ئەهلی لە باشووری كوردستان (1994-2002) ،سلێمانی دەزگای چاپ و بلاوكردنەوەی بەردرخان ، 2006،ل27

### سەرچاوە عەرەبیەكان:

1. ماهر عودةالشمايلة د.محمود عزت اللحام ،د.مصطفي يوسف كافي الصحافة الاكترونية الرقمية .. ص ٦٩ دار الاعصار .عمان- الاردن الطبعة الاولي 2015.
2. تاريخ الاعلام العراقي،ط1، 2014 ، الاردن

### نامەی ماستەر و دكتۆرا:

1. فوئاد علی احمد، رۆڵی كەناڵەكانی راگەیاندن لەكاراكردنی بەشداری سیاسی لە هەرێمی كوردستانی عێراقدا، نامەی دكتۆرا بلاونەكراوە، 2011.
2. صاق حمه غريب صالح ، الصحافة الالكترونية الكردية، دراسة مسحية للصحف الالكترونية الكردية ( كلاوروژنه ، ده نگه كان ، كوردستان نت) رساله ماجستر غير منشوره، 2008.

### گۆڤار:

1- دلێر عەبدولخالق، "كوردستان" یەكەمین ڕۆژنامەی كوردی و كاریگەری بەشێك لە شۆڕشەكان، لەسەر بووژانەوەی ڕەوتی ڕۆژنامەگەری، گۆڤاری ماس میدیا، ژمارە(1)، 22-نیسانی 2008.